

**هاشم سالّح**

# لە نیوان
# ( بلیمەتی ) و ( شیتی ) دا

نووسینی
هاشم سالح

وەرگیرانی
نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

سلیمانی ـــــ ٢٠٠٢

سەرپەرشتیاری زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

# له نیوان (بلیمەتی) و (شیتی) دا

نووسینی: هاشم سالح
وەرگیرانی: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
بابەت: لیکۆلینەوەی فیکری
مۆنتاژ: تاڤگە فائق
هەلەچنی چاپ: ناسک عزیز
ژمارەی سپاردن: ٤٢١ی ٢٠٠٢

زنجیرە کتیبی گیرفانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (٢٣ )
www.sardam.org

**-تاڵە موویەكی باریك بلیمەتی لە شێتی جیادەكاتەوە-**
كەسێكی نەناسراو

**-وەك چۆن نەخۆشی لە هەموو لایەكەوە تەندروستی دەتەنێ، شێتیش لە هەموو لایەكەوە عەقڵ دادەگرێ-**
لودفیگ فتگنشتاین

لــە زەمــانی كۆنــەوە خـــەڵكی باوەڕیـــان وابـــوو پەیوەندییـەك لـە نێـوان بلیمــەتی و شــێتیدا هەیــە، هەمیشە بە جۆرێك لە سڵكردنەوە باسی بلیمەتێكیان دەكــردو دەیــانووت كەســێكە ڕەفتارەكــانی نــامۆن و كەســێتییەكی ئــاڵۆزی هەیــە و لـــە خـــەڵكی دیكــە جیاوازە. لە ڕاستیدا ئەگەر ناوی نووسەرە گـەورەكان ڕیــز بكــەین دەبینـــین زۆربــەیان -ئەگـــەر نـــەڵێین هــــەموویان- ئاوێتەیــــەكی دەروونیــــی تایبــــەتی و ناسروشتییان هەبووە و بگرە هەندێكیان بـە تـەواوی چوونەتـە قۆنـاغی شــێتبوونەوە. هــەر بــۆ نموونــە: هۆڵدەرلین، نیچە، جیرار دو نێرڤال، ئەنتۆنین ئــارتۆ، ڤان كوخ، جی دی مۆپاسان، ڤێرجینیا وۆڵف، شـۆمان، ئاڵتۆسێرو[1].. هتد.

یەکێك ئەم پرسیارەی ئاراستەی نووسەری فەرەنسی (ئەندرێ مۆرۆ) کرد: ئایا هەموو ڕۆماننووسان شێتن یان کەسانی عوسابین -نێرۆسین- *Neurosis*؟ لە وەڵامدا وتی: "نا، ڕاستتر وایە بڵێین ئەگەر نەبوونایە بە ڕۆماننووس ئەوا دەبوونە کەسی نێرۆسی. برادەر نێرۆسیس (عوساب) هونەرمەند دروستدەکات و هونەریش لەو نەخۆشییەی چاك دەکاتەوە"[٢]. ئەمە وەڵامێکی قەناعەت پێهێنەر و جوان بوو. لە ڕاستیدا ئەگەر نێرۆس نەبوایە ئەوا کەسانی وەکو بلزاك یان دیستۆیڤسکی یان فلوبێر خۆیان بۆ هونەری نووسین تەرخان نەکرد. ئەگەر لەم هونەرەدا سەرکەوتوو نەبوونایەو ڕۆمانی نەمریان پێشکەش نەکردینایە ئەوا لە نەخۆشیی نێرۆسی دەرباز نەدەبوون. ئەمە ئەو بازنە داخراوەیە کە داهێنان و نەخۆشی یان بلیمەتی و شێتی پێکەوە کۆدەکاتەوە. بەڵام پرسیارەکە ئەمەیە: بۆچی تەنانەت ئەو کەسانەش دەکەونە ناو شەوی شێتییەوە کە داهێنانێکی گەورەیان کردووە؟ بۆچی داهێنان -یان بەرهەمی ئیبداعی- لە شێتی نەیپاراستوون؟ کەس گومانی لەوە نییە کە نیچە یەکێکە لە فەیلەسووفە گەورەکان، لەگەڵ ئەوەشدا لە دوادوایی ژیانیدا بە تەواوی شێت بوو و بۆ ماوەی

یانزە ساڵ و هەتا ساتی مردنی (ساڵی ١٩٠٠) هەر بە شێتی مایەوە. کەسێکیش گومانی لەوە نییە هۆڵدەرلین یەکێکە لە مەزنترین شاعیرانی دنیا، کەچی نزیکەی نیوەی ژیانی لەنێو دەریای شێتیدا بەسەربرد. لە ڕاستیدا زەحمەتە وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە. هەرچۆنێ بێ ئێمە لەگەڵ ئەندرێ مۆرۆ تەباین لەوەی هونەر بە شێوەیەکی گشتی نەخۆشیی نێرۆسی چاك دەکاتەوە، ئەگەر هونەر نەبوایە بەشی هەرە زۆری ئەو پیاوە گەورانەی لە لاپەڕەکانی مێژوودا ناویان تۆمارکراوە شێت دەبوون، سا ئەگەر بیۆگرافیای ئەو کەسانە بخوێنینەوە کە لە دوای مردنیانەوە نووسراوە، لە ڕاستیی ئەو وتەیە دڵنیا دەبین. مەزنیی ئەو کەسانەش لەوەدایە کە توانیویانە نێرۆسیی خۆیان یاخود گرێ دەروونییەکانی خۆیان لە ڕێگەی داهێنانەوە جێبهێڵن. بێگومان داهێنان مرۆ لە گرێی دەروونی ڕزگار دەکات و متمانە بەخۆبوونی پێدەبەخشێ.

*بۆچی من لەم کاتەدا لە بارەی ئەم بابەتە دەدوێم؟ بۆچی ئەم بابەتەم بۆ نووسین هەڵبژارد؟* ئەمە لە ڕاستیدا چەند هۆیەکی هەبوو: یەکەمیان، ماوەیەکی زۆر بوو بیرم لێدەکردەوە. دووەمیان، ئەم بابەتە لە پەیوەستیدا بە ڕۆشنبیریی عەرەبییەوە

جۆريـك لـە "تـابوو" يـان لـە شـتی قەدەغـەكراو دەنوينـیٚ، هيـچ يـەكیٚ لـە نووسـەرانی عـەرەب دان بـەوەدا نـانيت كـە دوچـاری گرييـەكی دەروونيـی دياريكراو يـان نيرۆسـييەكی دياريكراو بـووە، ئەمـە سەربارى ئه وەی لەلای نووسەرانی خۆرئـاوا بـووە بـە شتيكی باو و دانپيانراو و هيچ حەساسيەتيكيان لـەلا دروست ناكـات، لەبەرئـەوە مـن لـەم ليكۆلينەوەيـەدا تەنها لە ميژووی رۆشنبيريی خۆرئـاوايی دەدويـم بـۆ ئـەوەی هيـچ يـەكیٚ لـە نووسـەرانی عـەرەب ئيحـراج نەكەم. سييەم -دەشیٚ گرنگترينيان بيـت- لـە پينـاوی نەهيشـتنی ئـەو وەهمـە بـاوو ترسـناكەی لـە وشـەی نـيرۆس يـان گريـی دەروونـی يـان شـيتيدا هەيـە. مادامەكی جورئەتی ئەوەمان نييە دەرگای ئـەم باسـە بكەينـەوەو لـە بارەيـەوە بدويـين، ئـەوا هەميشـە بـە تـەمومژ و نـهينی و مەترسـی دەوورە دەدریٚ. لـە واقيعدا شيتی، بەو مانايەی ليرەدا مەبەستمانە، واتە شيتيی ئيبداعی، بەو ئەندازەيە ترسـناك نييـە بگـرە دەشـيت مەسـەلەيەكی ئاسـايی و نزيـك بيـت. بەهەرحال ئـەم جـۆرە شـيتييە ئـازاريی كـەس نـادات مەگـەر خاوەنەكـەی. دەكـرا لـە جيـاتی وشـەی شـيتی هەندیٚ وشەی ديكە بەكاربينم، بۆ نموونـە: شـلەژانی دەروونـی يـان ژانـداری (موعانـات) يـان شـپرزەيی و

تیكچوونــی دەروونــی كــە نووســەر بــەرەو داهینــان دەبـات و لـە ریگـەی داهینانیشـەوە چـاك دەبیتـەوە. كەسی هاوسەنگ -واتە كەسی ناچیزەو گیل- مومكین نییـە هەسـت بـە هیـچ پیداویسـتییەك بـۆ داهینـان بكات.

بۆ ئەوەی پتر بـەم بابەتـە ئاشـنابین، باشـتر وایـە بگەریینـەوە بـۆ رابـردوو بـۆ نووسـینی پیشـەكیەكی میژوویـی لـە بـارەی ئـەو بابەتـەی لـە ناونیشـانەكەدا رامانگەیاندووە. لەوە دەچیَ ئـەفلاتون یەكـەم كـەس بووبیـت سـەرنجی دابیتـە ئـەم خالـە كـاتی گوتـی كەسانی بلیمەتی بە ئاسانی توورە دەبن و لـە پیسـتی خۆیـان دەردەچـن، بـە جۆریـك دەژیـن وەك بلیـی بـە پیچەوانــەی خــەلكی ئاســایی، ئــەمان لــە دەرەوەی زەمـەن و لـە دەرەوەی بـوون بژیـن. بـەلام ئەرسـتۆی قوتـابیی ئـەفلاتون لـە تـیروانینیكی فەلسـەفییانەی قوولترەوە تەماشای ئەم پەیوەندییـەی كـردووەو ئـەم پرسـیارەی خسـتۆتە روو: بۆچـی كەسـانی جیـاوازی وەك فەیلەسـووفان و زانایـان و شـاعیران و هونەرمەندان لەوە دەچیَ كەسانی رەشبین بن و دنیا بـە تـاریكی ببینـن؟ دەبینـین ئەرسـتۆ وشـەی جیـاواز لەبری وشەی بلیمەت و وشەی رەشبین لە بری وشەی شـیتی بـەكاردەهینیَ، ئـەم تیروانینـەی ئەرسـتۆ لـە

واقیعدا له ویناکردنی ئیمەوه نزیکتره. ئیمه ئەمرۆ به ئاسانی وشەی بلیمەت یان بلیمەتیمان قبول نییه بەلکو دەستەواژەیەکی کەمتر قەبەو کەمتر ئەفسانەییمان پێباشتره. هەروەها وشەی ترسناکی وەکو "شێتی" بەکارناهێنین بەلکو چەند وشەیەکی نوێی دیکه بەکاردێنین که نۆژداریی دەروونی دایهێناون بۆ نموونه ئەو شپرزەییەی دوچاری میزاجی تاکەکەس دەبێ و وای لیدەکات زۆر هەستیار بێت. ئەرستۆ دەلێ: شلەژانی فیکری (یان خەمۆکی و نەخۆشیی مالیخولیا) له مەیلی مرۆڤ بۆ تەنیایی و دوورەپەریزی و تێرامانەوه دەست پێدەکاو هەندێ جاریش به فیلیهاتن یان شێتبوون یان تەنانەت به خۆکوشتن کۆتایی پێدێت. بەلام لەلای داهێنەره گەورەکان به گشتی له ئاستێکی دیاریکراودا دەوەستێ چونکه داهێنان جڵەویان دەگرێ و له شوێنیکدا رایاندەگرێ. له دوای ئەرستۆو سەردەمی یۆنانەوه، کولتووری رۆمانی -لاتینی هەمان بیرۆکەیان له ئەرستۆوه وەرگرت و ئیدی ئەو پەنده بلاوبۆوه که دەلێ: کەسایەتیی مەزن، بەبێ هەندیك له شێتی، بوونی نییه. ئەگەر بچینه سەر سەدەی هەژدەیەم، واته سەدەی رۆشنگەری، دەبینین (دیارۆ) ئەو بیرەی گەلاله کرد که بلیمەتی و شێتی پێکەوه گرێدەدات.

ئـەم فەیلەســووفە فەرەنســییە دەلیــت: "ئــاه.. چ پەیوەندییـەکی گـەورە لــە نیــوان بلیمــەت و شــیتدا هەیە. هەردووکیان خەسلەتگەلیکی نائاساییان هەیە، سـا یـان بـە ئاراسـتەی چاکـەدا دەرۆن یـانیش بـە ئاراستەی خراپـەدا. شیت لـە نەخۆشـخانەی ئـەقلیدا بـەند دەکـرێ و بلیمـەتیش پەیکـەری بـۆ دروسـت دەکەین"[٣].

لـە سـەدەی نۆزدەهــەمدا بـۆ یەکـەمجار زانسـتی نوژداریـی دەروونـی لەسـەر چـەند بنەمایـەکی نـوێ دامـەزرا، ئــەم زانســتە جـاریکی دیکـە جـەختی لـە پەیوەندیی بەتینی نیوان بلیمەتی و شیتیدا کردەوە. کەسـی بلیمـەت مومکین نییـە وەك خــەلکی ئاسـایی کەسـیکی سروشـتی و ئاسایی بیــت. (ئیسـکیورول)ی زانــای نوژداریــی دەروونـــی دەلـــێ: کەســـایەتییە گــەورەکان لــە میــژوودا کەسـایەتییەکی نیرۆســی و نەخۆشــن، ئیـدی چـەند نموونەیـەك دەهینیتـــەوە لەوانـە: لوثـی، باســکال، جـان جـاك رۆسـۆ.. هتـد.. نوژداریکـی دەروونیـی دیکە بـە نـاوی (لولـوت) کـە ناوبـانگیکی کـەمتری هەیـە، جـەختی لـەم بیرۆکەیـە کردەوەو بیۆگرافیای نەخۆشیئامیزی دوو کەسایەتیی گـەورەی نووسـییەوە، ئــەوانیش سـوکرات و باسـکال بوون، بیۆگرافیای یەکەمیان بە ناونیشانی "شەیتانی

سـوکرات" و دووەمیشـیان بـە نـاوی "نووشـتەی باسکاڵ"، بە بۆچوونی ئەو نوژدارە دەروونیە بلیمەت کەسیکە لـە لایـەن شـەیتانی بلیمەتییـەوە دەسـتی لیدراوە (یان دەستی لیوەشینراوە). عەرەب لـە کۆنـدا درکیـان بـەم شـتە کـردووەو باسـی (وادي عبقـر) و (شەیتنای شیعر) و ئەم حالەتی سوکرات و باسکالەوە میـژووی ورینـەکان (یـان ورینـەکردن) بنووسـیتەوە. کەسـایەتیی جیـاواز کەسـایەتییەکی ورینـەئامیزەو وەسوەسـە بـە شـتیکەوە دەکـات خۆیشـی نازانـێ ئـەو شـتە چییـە، نـهینیی بلیمەتبوونەکـەی ئەمەیـە. لـە سـالی (١٨٥٩)شـدا (مـۆرۆ دوتـور)ی نـوژداری دەروونـی لیکۆلینەوەیـەکی شـیکاریی لـە بـارەی کەسـایەتیی (جـیرار دونیرڤـال)ی شـاعیرەوە نووسـی کـە خـۆی کوشتووە. لەو لیکۆلینەوەیەدا سەلماندوویەتی کە ئەم شـاعیرە دوچـاری جـۆرە نەخۆشـییەك ببـوو و هـەر ئەمەش هۆکار و هاندەری داهینانەکانی بووە، دۆخـی داهینـان دۆخیکـی شاگەشـکەییە و تیـایدا گەشـانەوەو هـەلچوون دەگاتـە ئەوپـەری. خـۆ ئەگـەر شـاعیران و نووسـەرانی عـەرەب لـە سـاتەوەختی پرۆسـەی داهینانـدا باسی حالەتە دەروونییەکانی خۆیانیـان بـۆ کردبـاین ئـەوا کۆمـەلی رۆشـنایی گرنگیـان لـە بـارەی پـەیوەندیی نیـوان شـپرزەیی و داهینـان پیشـکەش

دەکردین، بەڵام جورئەتی ئەوەیان نییە لە ترسی ئەوەی بە شیت ناوببرین!

ئەمە سەرباری ئەوەی هەندێ لەو شاعیرو نووسەرانە بە هۆی ئەو موعاناتە پڕ لە شلەژان و شپرزەییەوە خۆیان کوشتووە، بۆ نموونە شاعیری گەورە (خەلیل حاوی). بەڵام شاعیران و بیریارانی ئەوروپی هیچ سلیك لەم مەسەلەیە ناکەنەوە بە تایبەتی پاش ئەوەی زانستی شیکاری دەروونی ئەو فەرمانە ترسناکەی لە دەوری شیتی و گرێ و نەخۆشییە دەروونییەکان لابرد. بگرە هەندیکیان شانازیی پیوە دەکەن وەك دەلالەتیك بۆ ئاستی داهینان و بۆ بلیمەتییان و هەروەها بۆ دەرخستنی جیاوازی و تایبەتمەندییان. لە راستیدا بیریارو شاعیرو هونەرمەندانی ئەوروپا نرخیکی گەورەیان لە پیناوی فۆرمەلەبوونی تازەگەریدا بەخشیوە. لە نیچەوە بۆ بۆدلیر و بۆ رامبۆ و بۆ هۆلدەرلین و بۆ ئەنتۆنین ئارتۆ و بۆ میشیل فۆکۆ و ئالتۆسیر و بۆ ئادگار ئالان پۆ و ڤیرجینیا وۆلف و بۆ کافکاو لۆتریامۆن و.. ئیدی لیستەکە زۆر دریژدەبیتەوە لە ناوی ئەو بلیمەتانەی دوچاری شیتبوون یان ئازاری دەروونی یان خۆکوشتن بوونە.. بەلی لیرەدا پەیوەندییەك لە نیوان شپرزەیی دەروونی و

داهينـانـدا هەيـە. بـەڵام هـەموو بليمــەتيك شــيت نييـــە، هـــەموو شـــيتيكيش بليمـــــەت نييـــــە. پــەيوەنديی نيــوان بليمــەتی و شــيتی زۆر لـــەوە ئالۆزترە كـە ئيمـە دەيزانـين. لـيرەدا بـە دريـژی لـەم بابەتە دەدويين:

هەندێ كەس دەڵين ليرەدا دوو جۆر لـە بليمـەتی هەيـە: يەكـەم-بليمـەتی برووسـكە ئـاميز، واتــە ئــەو بليمەتييــەی وەكــو تاڤگــەو كانييــەكان خۆبــەخۆ دەتەقيتـەوە، يــان وەكـو بوركـان و بوومەلـەرزە لـە پريكدا دەتەقيتــەوە (بـۆ نموونـە حالـەتی رامبـۆ يـان هۆلدەرلـين و بـە تايبـەتيش حالـەتی نيچـە). دووەم- بليمەتييەكی هيمن و پلە بە پلە كە لە ريگـەی كـاری بەردەوام و كۆششی پر لـە سـەبرو خۆگرييـەی خـۆی دروسـت دەكـات (بـۆ نموونـە حالـەتی فلوبـير). بــەڵام كەســی بليمــەت لــە هــەموو حالەتــەكاندا بــە زۆری بوونەوەريكی ناكۆمەڵايەتييەو پتر مەيلی بۆ تەنيايی و دوورەپـەريزی و كـەنارگيری دەچـێ، بـۆ نموونـە بـا ســەرنج لــە حالــەتی شـــاعيری گـــەورەی فەرەنســی (ئارمەر رامبـۆ) بدەيـن. پـۆل كلۆديـل لـە بـارەی ئـەم شاعيرەوە دەڵێ: رامبۆ لە ساتەوەختی ئازارچەشـتن و خراپبوونی دەروونيدا دەبـووە كەسـيكی سـۆفی، وەك كانييەكی بزر لە زەوييـەكی وشـكەڵاندا دەتەقييـەوە.

جان كۆكتۆ له بارەی هەمان شاعیرەوە دەلێ: رامبۆ گەوهەرەكانی خۆی لە شوینیكەوە دزیوە. بەلام لە كوێ؟ كەس نازانێ. ئەمە نهینییەكەیە. (بیگومان لیرەدا مەبەستی لە گەوهەرەكانی، شیعرەكانیتی).
رامبۆ بوو بە ئەفسانەیەك ئەستەمە راڤە بكریت. میژوو بلیمەتییەكی زووی وەك ئەو بلیمەتییەی نەزانیوە. وەك دەزانن هەموو شیعرەكانی لە ماوەی چوار سالدا نووسیوە، واتە لە تەمەنی شانزە سالییەوە بۆ تەمەنی نۆزدە سالی!.. ئایا دەچیتە عەقلەوە بلیمەتیك لەو تەمەنە زووەدا لە دایك بیت؟ بۆیە هەندێ كەس پییان وایە قودرەتیكی خودایی ئەو بەهرەیەی پیبەخشیوەو شیعرییەتیكی وای تیادا تەقیوەتەوە كە هەموو بلیمەتییەكی زمانی فەرەنسی تیدەپەرینێ، ئەگەر بۆدلیر جیابكەینەوە.
لە راستیدا رامبۆ لە میژووی شیعری فەرەنسیدا نوینەری پاكژی و بەرائەتیكی بیگەردە. رامبۆ وەكو نەیزەكیكی سەركیش و بە خیرایی برووسكە، ئاسمانی شیعری ئەوروپیی دیودەرە كرد. پاشان مال و گوند و شیعرەكانی جیهیشت و بگرە نكولی لەو شیعرانەش كردو لە ولاتی عەرەبی لە یەمەن و عەدەندا ئەو ژیانە پر لە سەرچلییە ژیا كە هەمووومان دەیزانین. ئەمەیە بلیمەتیی كتوپرو

تـەقیو: سـەرەتایەکی زوو و پیشـوەخت، داهینـانیکی رفینەر و کورتخایەن، کۆتاییەك بەر لە وادەی خۆی.

مارسیل پرسوتی رۆمـاننووس و خـاوەنی "گـەران بە دوای زەمەنیکی ونبـوو": وایدەبینـێ بلیمـەتی بـە شـیوەیەکی کتوپـر و لـە ناکـاو دیـت، واتـە لـە چرکەسـاتیکی چـاوەروان نـەکراودا دیـت، وەکـو ئیشـراقیکی کتوپـر یـان وەکـو بەهرەیـەکی برووسـکە ئامیز دەتەقیتەوە. کاتێ پروست ئـەم قسانە دەکات دەزانـێ باسـی چـی دەکـات چونکـە خۆیشـی ئـەو چرکەساتانەی بینیوەو وەکو گەورە داهینەرانی دیکە تیایدا ژیاوە. بەلام سان جۆن پـیرس-ی شاعیر بـەو جۆرە وەسفی چرکەساتی داهینان دەکات کە بریتییە لـە "برووسـکەیەکی پـاکیزەیی بلیمـەتی". گـەورە نووسـەرانی دنیـا دان بـەوەدا دەنیـن کـە ئـەوان فیکرەکانی خۆیان نانووسنەوە بەلکو فیکرەکانیان بۆ خۆیـان و خۆبـەخۆ یـان لـە میـانی ئەوانـەوە خۆیـان دەنووسـنەوە. بـەم بۆنەیـەوە حـەز ئەکـەم ئـەم حیکایەتەتان بۆ بگیرمەوە کە لـە زانکۆی دیمەشقدا روویدا، لە نیوان سالانی ١٩٧٤-١٩٧٥ ئیمـە خویندکاری بەشـی لیکۆلینـەوەی ئـەدەبیی بـالا بوویـن، ئیحسـان عەباسـی رەخنـەگر مـانگی جاریك یـان دوو جار لـە بەیرووتەوە دەهاتە لامان بۆ ئەوەی چەند دەرسیکی

رەخنەییمان لە بارەی شیعری نویوە پیبلیت، بەڵام بەرلەوە، باسی شیعری کلاسیکی و شیعری (بدوي الجبل) و هاچەرخەکانی بۆ دەکردین. ئیحسان عەباس پیی وتین جاریکیان گویی لیبووە بدوی الجبل وتوویەتی کە خۆی شیعرەکانی نانووسیتەوە بەلکو شیعرەکان خۆیان خۆیان دەنووسنەوە، شیعرەکان لە کاتیکدا دین ئەم یان نووستووە یان پیاسە دەکات و ئیدی وەك بەهرەیەك دادەبارینە سەری، ئیدی ئەویش دەستدەکات بە ورتەورتی شیعری و بیئەوەی بە خۆی بزانیت دەیاننووسیتەوە، بە پەلە دەیانخاتە سەر کاغەز بەرلەوەی ببن بە هەلم یان ون بن و فرتە بکەن. بیرم دێ ئیحسان عەباس هەندێ گومانی لەم مەسەلەیە هەبوو و پیی وابوو ئەمە یەکیکە لە زیادەرۆییەکانی شاعیران. بەڵام من هەنووکە و لە پاش تیپەربوونی پتر لە بیست سال بەسەر ئەم حیکایەتەدا لە جاران زیاتر باوەر بە بدوي الجبل دەکەم بیئەوەی نکولی لە رۆلی پیشەو کۆششی بەرهەمهینانی قەسیدە بکەم. گەورە داهینەران بە شیوەیەکی سەیر لەگەڵ داهینانندا دەتەقنەوە. دەشیت داهینان لە هەناوی ئەو کەسانەدا وردە وردە گەشە بکات و بۆ ماوەیەکی دریژ بخەملێ و پاشان لە ناکاو ساتەوەختی تەقینەوە دیت کە

خۆیان ئەو ساتەوەختە هەلنابژیرن بەلکو بەبێ خواستی ئەوان بۆ خۆی خۆی هەلدەبژیرێ و خۆی دەزانێ لە چ ساتیکدا دەردەپەرێ و دەتەقیتەوە. هەرچۆنێ بیت دەشێ تەقینەوەی چرکەساتی ئیبداعی لە پاش تیپەربوونی نووسەر بە قەیرانیکدا دەست پیبکات یان راستەوخۆ لە پاش بە ئاگاهاتنەوەو دەرچوون لە خەون: واتە لە حالەتی خەواندنی موگناتیسی و وړینەو وەسوەسەو زیندەخەون.

بەلام ئەم حالەتە ئیبداعییانە دەگمەنن، بۆیە هەندێ لە نووسەران هەولدەدەن لە ریگەی بەکارهینانی مادە بیهۆشکەرەکان و و تلیاك و مەی و خواردنەوە کحولیەکانەوە ئەو حالەتە ئیبداعییە لە دەروونیاندا بورووژینن.. (بۆ نموونە نیچە یان بۆدلیر یان سارتەر، ئەمانە مادە وریاکەرەوەکانیان لە پیناوی زیندووکردنەوەو بزواندنی ئاگایی ئیبداعییاندا بەکاردەهینا. بەلام ئەم کارە لە لایەکەوە ترسناکیشەو لەوانەیە دەرەنجامیکی خراپیشی هەبیت)، لەبەرئەوە دەکرێ بلیین باشترین چرکەساتی ئیبداعی ئەو چرکەساتەیە کە بە شیوەیەکی سروشتی دیت نەك بە شیوەیەکی دەستکرد، ئەمەش چرکەساتیکی کورتخایەن و

سیمینەرە بەڵام کاریگەرییەکی دریژخایەنی هەیەو زەمەن و سەردەمەکان تیدەپەرینێ. با ئیستا بیر لە هەندێ لەو چرکەساتە دەگمەنانە بکەینەوە کە رووی میژوویان گۆری: لە شەوی (١٠)ی نۆڤیمبەری سالی (١٦١٩)دا دیکارت بەهرەی بۆ هات و ئیدی گەیشتە حەقیقەت. لە رۆژی (١٣)ی مایوی (١٧٩٧)یشدا -واتە پیش زیاتر لە دوو سەد ساڵ- شاعیری گەورەی ئەلمانی نۆڤالیس بەهرەی بۆ هات و وەکو باران دایکردە سەری. هاوینی سالی (١٨٣١)یش بەهرەیەکی زۆرو چروپری ژیانی گۆتێ بوو.

بەلام تەقینەوەی ئەو چرکەساتە دەگمەنانەی بلیمەتی لە ئاگایی داهینەراندا هەروا بە ئاسانی و بەبێ گرفت تیناپەریت، بەلکو زۆرجار داهینەر نرخیکی گران دەدات. راستە داهینان نووسەر لە گرێ و ئازارەکانی رزگار دەکات، راستە دەیباتە کەشکەلانی ئاسمان و بە شوینە بلندەکاندا دەیفرینێ بەلام دواتر بەردەبیتەوەو دەکەویتە نیو قوولاییەکەوە، پاشان بە بەردەوامی ئازاری پیدەچیژێ و دەشیت لەژیر قورسایی ئەو کەوتنەدا بنالینێ. هەموو کەسیکیش ناتوانێ بەرگەی ئیلهام بگرێ بە تایبەتی ئەگەر ئەو بەهرەیە وەك زاری بورکان بتەقیتەوە، یان وەك بروسکە دابەزێ. ئەو

کەسانەی دوچاری ئەو حالەت و ئەو ساتەوەختە دەگمەن و جیاوازانە بوونە، لە میژوودا ژمارەیان کەمە. با لیرەدا کەمیك لە ئاستی چرکەساتی (دیکارت)دا بووەستین بۆ ئەوەی لە ناوەوە تویکاریی بکەین و هەولبدەین لە رەهەندەکانی تیبگەین.

وەك دەزانرێ ئەم فەیلەسووفە فەرەنسییە (واتە دیکارت) لە سەرەتای لاویتیدا کەسیکی ون و سەرگەردان بووەو نەیدەزانی چی بکات، ئەو کەسیکی سەرکیش بووەو لەم ولاتی ئەوروپییەوە بۆ ئەو ولات سەفەری دەکرد بۆ ئەوەی شارەزایی لە "کتیبی جیهان" هەبێ وەك خۆی حەزی دەکرد ئەو دەستەواژەیە بەکاربینیت، واتە بۆ ئەوەی جیهان بخوینیتەوەو ئاگادار بیت، وەك چۆن لاپەرەکانی کتیبیك هەلدەداتەوە، پاشان لە هۆلەندا چووە ریزی سوپای یەکێ لە میرەکان، کاتیکیش لە ژوورەکەی خۆیدا لە سەربازگە چووە خەلوەتەوە، ئەو سێ خەونە ترسناکەی بۆ هات کە بە تەواوی رایچلەکاندو ئەوەندەی نەمابوو ژیانی لەنیوبەریت[٤]. بەلام چاوی خودایی نەیویست دوچاری هەلاکەتی بکات و ویستی ئەو خەونە ترسناکانە ببن بە هیدایەتیك بۆی بەرەو ئەو حەقیقەتەی بیئەوەی پیبزانیت بە دوایدا دەگەرا. ئەمە ئەو شەوی لە دایکبوونە بوو کە

دیکارت له دەی نۆڤیمبەردا تیا ژیاو ئەگەر خەونی یەزدان نەبوایە لەنیو دەچوو. بەمجۆرە فەلسەفەی دیکارت لە دوای ژان و ئازاریکی قوول لە دایکبوو. لەو شەوەدا میتۆدگەرایی عەقلانی لەدایکبوو کە بە دریژایی سێ سەدە حوکمی سەرانسەری ئەورووپای کرد (واتە بە شیوەیەك لە شیوەکان تا رۆژگاری ئەمرۆمان. بروانە میتۆدۆلۆژیای دیکارتی یان عەقلانییەتی دیکارتی).

نۆڤالیس لە (١٣)ی ئایاری (١٧٩٧)دا بەهرەی شیعریی بەسەردا باری و ئەو رۆژە ساتەوەختیکی گرنگ بوو لە تەقینەوەی شیعریدا و هەستی بە بەختەوەرییەکی گەورەو بیئەندازە کرد، بەلام تەنها چەند چرکەیەکی خایاند، ئەو چرکانە دواجار لە ناوەوەدا بە شیوەیەکی بیوینە رۆشناییان پیبەخشی. پاشان دەستی بە نووسینی شیعرە نەمرەکانی کرد. بەم چەشنە دەبینین بەهرە لە دوای لەحزەیەکی ناسروشتی و نائاساییەوە هات. لە راستیدا ئەم لەحزەیە لە ژیانی نۆڤالیسدا لە پاش کارەساتیکی راستەقینەی جەرگبڕەوە هات. "سۆفی"ی ئەڤینداری بە نەخۆشیی سیل کۆچی دوایی کرد کە هیشتا تەمەنی پانزە بەهار بوو. لە پاش سوفی یەکسەر براکەیشی مرد و ئیدی شتەکان لە هەناوی نۆڤالیسدا

گـۆڕان و کەلەکـەبوون و کارلیکیـان کـرد تـا لـە ساتەوەختیکی سەرسـوڕهێندا تەقییـەوەو بـەمجۆرە زۆر بـە گرانـی نرخـی بلیمـەتیی دەدات. خۆیشی لـە سـالی (١٨٠١)دا کـە هیشـتا تەمـەنی سـی سـالی تینەپـەڕاندبوو، بـە نەخۆشـیی سـیل کۆچـی دوایـی کرد.

گۆتـێ، ئـەو پیـاوە بلیمەتـەی هـەموو ئـەلمانیا شانازیی پیـوە دەکـەن، هـەروا بـە ئاسـانی داهینانـە گەورەکانی پیشکەش نـەکردووین، دوچاری چەندین جـۆرە قـەیران و لـەرزینی دەروونـی ئازاربـەخش بۆتـەوەو لـە راسـتیدا ئـەویش زۆر بـە گرانـی نرخـی بلیمەتی و داهینانەکانی خۆی داوە. جورئـەتیکی وای بۆ دەهات کە هـەندیجار ئیعـتراف بـەوە بکات کـە لـە رووی دەروونییـەوە نەخۆشـەو دوچاری موعانـاتیکی بیئامان بووەو نازانی کرۆك و هۆکاری ئەو موعاناتـە چییـە، ئیـدی گەیشـتە ئـەو ئەنجامـەی کـە لـیرەدا پەیوەندییـەك لـە نیـوان بلیمـەتی و نەخۆشـیی دەروونـی یـان گریـی درەوونیـدا هەیـە، ئەگـەر ئـەو گرییـەو هـەولدان بـۆ زالبـوون بەسـەری نەبوایـە داهینانیش نـەدەبوو. کەسایەتیی نـەخۆش تەنـها لـە میـانی داهینانـەوە دەتوانـێ هاوسـەنگیی خـۆی رابگریت. ناکۆکی و دژایەتیی نیوان داهینەرو جیهان

دەگاتە ئاستێکی زۆر و ژیانی لێدەشێوێنێ بە جۆرێك ناتوانێ خۆشی لە ژیان وەربگرێ تەنها لە هەندێ ساتی زۆر کەمدا نەبێت. لەبەرئەوە دەشێت بڵێین نابێ بە ئەندازەیەکی زۆر ڕژدیمان بەرامبەر بە نێوبانگی بلیمەتاندا هەبێت، چونکە هەندێجار داهێنەران هیوای ئەوە دەخوازن لە دایك نەبوونایە.

ئێمە تا ئێرە باسی ئەو بلیمەتییە خێراو تیژتێپەڕەمان کرد کە لە پڕێکدا دەبریقێتەوەو پاشان نامێنێ، بۆ نموونە بلیمەتیی ڕامبۆ. بەڵام لێرەدا چەشنێکی تری بلیمەتی هەیە کە هێواش و لەسەرخۆیەوەو کاتێکی درێژو سەبرێکی زۆری پێویستە بەرلەوەی بە تەواوی پێبگات و بکرێتەوە. لە ڕاستیدا زۆربەی دانایان و بلیمەتان ئەم خەسڵەتەیان هەیە، واتە ئارەزوویەکی گەورەی کۆشش و هەوڵدان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ. ئەو تەرزە لە بلیمەتان بە ئاسانی نائومێد نابن و لەو ئامانجە پاشگەزنابنەوە کە بەردەوام لەبەرچاویاندایە و لە پێناویدا تێدەکۆشن. ئەلفرێد دوموسیە لەم بارەیەوە دەڵێ: بەبێ سەبرێکی جوان بلیمەتییەکی ڕاستەقینە بوونی نابێت. بلیمەتییش لە شەو و ڕۆژێکدا شێوە ناگرێت بەڵکو ئەمە بریتییە لە کۆتایی ڕێگەیەکی درێژو پان. بۆدلێر وایدەبینێ

بەهرە لە پڕێکدا لــە ئاسمانــەوە بۆمـان نایـەت بـەڵکو ئەمــە بــە جۆرێكــی تــر بریتییــە لـــە ڕاهێنـــانێکی ڕۆژانــەیی و بــەردەوام و بێوچـان. ئەمــە دەڵێــین و دەشزانین نووسەر لە بەرامبەر لاپـەڕەی سـپیدا تـا چ ئەندازەیەك هەست بە دوودڵی و دڵەڕاوكێ دەكات كە دەبـێ هـەوڵێکی زۆر بـدات بـۆ پڕكردنـەوەی لاپــەڕە ســپیەكەی بەردەســتی و بگــرە هـــەندێجار ناتوانـــێ تەنانـــەت یـــەك ڕســـتەش بنووســێت. یـــەكێ لـــە نووسەرانی ئینگلیز بەمجۆرە وەسفی بلیمەتی دەكات: بلیمەتی دەرەنجامی كۆشش و ماندووبوونە بە ڕێژەی ٩٩٪، تەنها ١٪ دەرەنجامی بەهرەیە! ئەمـەش بەڵگەی ئەوەیە كە هەوڵ و تێكۆشان بە پلـەی یەكـەم دێت و شتەكانی دیش لە دوای كۆششـەوە دێـن نـەك بـەر لـە كۆشــش. هــەرچۆنێ بــێ پێدەچــێ وەرگرتــن (یـــان پێداگرتـن) یـەكێ بێـت لـەو ســیفەتە بنەڕەتییانــەی بلیمـەتی پـێ جیادەكرێتــەوە. خــەڵكی ئاسـایی هــەر ئەوەندەی لە پاش زەمەنێكی كورت نەگەن بە ئەنجام ئـەوا بـێزاردەبن و وازی لێدەهێنـن. بــەڵام بلیمــەتان بێوچـان بەســـەر ئـــەو ڕێگەیـــەدا دەڕۆن و هـــەموو تەڵەزگەو نائومێدییەك دەبەزێنن تا دواجـار دەگەنـە ئامــانجی مەبەســتداری خۆیــان. بلــزاك قودرەتێكـی سەیری بۆ كـاركردن هـەبوو بـە تایبـەتی لـە شـەوداو

ئەمە ببووە ویردی سەر زمانی خەڵك، لە كاتژمێر ١١ی شەوەوە هەموو پەنجەرەكانی دادەخست و یەك سوراحی گەورە قاوەی لە تەنیشتی خۆی دادەناو تا بەرەبەیان بەبێ ڕاوەستان دەینووسی و قاوەی دەخواردەوە. بەمجۆرە لە ماوەی (٢٤) سەعاتدا (١٥) سەعات بەردەوام دەینووسی و لەگەڵیدا دەیان فنجانی قاوەی دەخواردەوە. ئەگەر وای نەكردایە نەیدەتوانی ئەو هەموو كتێبە قەبانە بنووسێت بە تایبەتی (كۆمیدیای بەشەری) و بلزاك تەنها پەنجا ساڵ ژیاوە.

كەواتە بلیمەتی پێویستیی بە هەوڵ و كۆششێكی گەورە هەیەو وەك دیارییەك لە ئاسمانەوە دانابەزێت. بلزاك لە یەكێ لەو نامانەدا كە بۆ مەدام ڤانیسكای خۆشەویستی نووسیوە دەڵێت: "ژیانی من بریتییە لە ١٥ سەعات كاركردن و قەهرو عەزاب و نالەباری و پاكنووس و ڕێكخستنی ڕستەو دەستەواژە"(٦). بەڵام ڕاهێنانی ڕۆژانەی بەردەوام و پڕ لە ماندووبوون بە تەنها هۆی بلیمەتیمان بۆ تەفسیر ناكات. لێرەدا چەندین توێژەری ئەكادیمی هەن بۆ ماوەی چەندین كاتژمێر كاردەكەن و دەنووسن بێئەوەی بگەنە پلەیەكی بەرز و داهێنانێكی گەورە تەنها كۆكردنەوەی زانیاری

نەبێت. کەواتە لێرەدا جگە لە کۆشش و ماندووبوون هۆیەکی دیکە بۆ بلیمەتی هەیە، ئەویش: بەهرەو بلێسەی داهێنانە. نووسەر هەیە بەهرەو بلێسەی تیادایەو نووسەریش هەیە نییەتی. بۆیە زۆرجار دەبیستین دەڵێن: ئەم نووسەرە بەهرەدارە، ئەم نووسەرە شتێکی پێیە.. هتد. کەواتە بلیمەتی بەرهەمی کۆشش و بەهرەیە پێکەوە، دەشێت چانسی بەهرە تەنها ١٪ نەبێت وەك نووسەرێکی ئینگلیزی وایگوتووە، بەڵکو بەهرە لە بلیمەتیدا ٥٠٪ی بەردەکەوێت.

فلوبێر لە بواری ئەدەبدا باڵاترین نموونەی هەوڵ و تێکۆشان و خۆماندووکردن دەنوێنێ، ئەم ڕۆماننووسە ڕۆژانە ١٠-١٢ کاتژمێر لە پشتی مێزەکەیەوە دادەنیشت بۆ ئەوەی بتوانێت هەر چوار پێنج ساڵ جارێك یەك ڕۆمان بنووسێت. بۆیە زۆری نەنووسی، جگە لە شاکارە نەمرەکەی بە ناوی (مەدام بۆڤاری) لە هەموو ژیانیدا تەنها پێنج یان شەش ڕۆمانی نووسیوە. لێرەدا فلوبێر لەو شاعیرانە دەچێ کە لە شیعری کۆنی عەرەبیدا تەنها بەیەك قەسیدە یان بە چەند قەسیدەیەك ناوبانگیان بڵاوبۆتەوە، هەروەها لەو شاعیرانەی بۆ چەندین ڕۆژو چەندین مانگ و لەوانەیشە بۆ چەند ساڵێك خۆیان بە یەك

قەسیدەوە خەریك كردبێ و بەردەوام دەستكارییان كردووەو پیایداچوونەتەوە. فلوبێر زۆرجار باسی عەزابی نووسینی كردووەو چۆن بۆ چەندین كاتژمێر خەریكی نووسینی یەك لاپەڕە بووە، بگرە جاری وا هەبووە چەند ڕۆژێك خۆی بە ڕێكخستنی ڕستەیەكی گونجاو یان وشەیەكی گونجاو سەرقاڵ كردووەو لەو ساتانەدا نەفرەتی لە خۆی و نەفرەتی لە نووسین و ئەدەب و هەموو شتێ كردووە. كاتێك چەند ساڵێ لەمەوبەر چوومە ماڵەكەی لە شاری (ڕوان) لە كەناری ڕووباری سین، تەماشای دەستنووسەكانیم دەكرد و سەرم لەو هەموو دەستكاری و سڕینەوەو بۆ زیادكردنە سوڕما كە لە هەموو لاپەڕەیەكدا كردوویەتی، ئەوەندە دەستكاری كردبوون نەتدەتوانی بە ڕوونی شتێك بخوێنیتەوە، ئەو ماڵە بووە بە مۆزەخانەی فلوبێر و هەر كەسێ هەرچ كاتێ بیەوێ دەتوانێ سەردانیی بكات و ئەو ژینگەو كەشوهەوایە بناسێت كە خاوەنی ڕۆمانی (مەدام بۆڤاری) لە سەدەی نۆزدەهەمدا تیایدا ژیاوە. ئەوسا دەتوانیت چاوەكانت پڕ بكەیت لە قەشەنگیی باخچەكانی دەوروبەری ماڵەكە، یان لە پەنجەرەكانەوە چاودێریی بەلەم و كەشتییەكان بكەیت وەك ئەوەی فلوبێر بەر لە سەدەیەك و لە

پشتی مێزەکەیەوە چاودێریی کەشتییەکانی دەکردو ڕۆمانی مەدام بۆڤاریی دەنووسی. بەڵێ فلوبێر جگە لە پێنج یان شەش ڕۆمان هیچی دیکەی نەنووسی، لە کاتێکدا نووسەرە بلیمەتەکانی ئێمە هەموو ساڵێك و تەنانەت هەموو مانگێك ڕۆمانێك یاخود دیوانێکی شیعری یان کتێبێکی فیکری چاپدەکەن. ئەم هەموو پەلەکردنەتان لەچی؟ بۆچی بەر لەوەی چێشتەکە پێبگات دەیسووتێنن؟ فلوبێر ڕۆمانێکی چاپ نەدەکرد ئەگەر هەموو وزەی خۆی تیادا بەکارنەهێنایە. لە یەکێ لەو نامانەیدا کە بۆ خاتوو لویز کولێی دۆستی نووسیوە، دەنووسێت: "ئەوەندە بە دوای ڕستەیەکی جواندا گەڕام هەتا سەرم کەوتە ژان و گەرووم وشك بوو. دەیانجار هەڵگێڕو داگێڕم کردو سڕیمەوەو نووسیمەوەو جنێوم دەداو دەیان ڕستەی جۆراوجۆرم نووسی تا دواجار گەیشتمە ئەو ڕستەیەی خۆم دەمویست.. بە ڕاستی ڕستەیەکی جوانەو دانی پێدادەنێم، بەڵام لەپاش ژان و عەزابێکی بێئامان لە دایك بوو".

لێرەدا خەسڵەتێکی دیکە هەیە بلیمەتی پێ جیادەکرێتەوە، ئەویش ئارەزووی تەنیایی و دوورەپەرێزی و سەربەخۆییە. یەکێ دەنووسێت: لە بارەی بلیمەتەوە گوتوویانە لە شێت دەچێ، واتە بە

تەنهایی لە دایك دەبێ و دەمرێ، كەسێكی ساردو بێ ئیحساسەو هیچ پەیوەندییەكی بەسۆزی خێزانداری و نەریتی كۆمەلآیەتییەوە نییە. بەلآم ئەمە بێگومان زیادەڕۆییە، لە ڕاستیدا بلیمەتان لە پێناوی خۆتەرخانكردن بۆ داهێنانەكانیان و بۆ بەرهەمەكانیان حەز لە تەنیایی و دوورەپەرێزی دەكەن. تۆ ناتوانیت لەنێو قەرەباڵغیی شەقام و لە نێوەندی خەڵكیدا ئیبداع بكەیت. وەك دەزانن پەیوەندییە گشتییەكان و میوان و پێشوازی و ئاهەنگ و نازانم چیتر ئەمانە كاتێكی زۆر دەبەن و ڕێگە بە بیریارو داهێنەر نادەن خۆی بۆ نووسین و بیركردنەوەو ڕامان و لێوردبوونەوە تەرخان بكات، بۆیە بیریاران بەوە ناسراون كە ئارەزوویان لە تەنیایی و دوورەپەرێزییە، بۆ نموونە دیكارت لە دەست مشەخۆرو چەنەبازەكان وڵاتی خۆی - فەرەنسای بەجێهێشت و هەلآت. هەستی بە بەختەوەرییەكی گەورە دەكرد كاتێ لە گەڕەكێكدا دادەنیشت كەس ئەوی نەدەناسی، بە شەقامدا دەڕۆیشت و كەس ئاوڕی لێنەدەدایەوە. كەواتە نێوبانگیش شتێكی موزعیجەو پێویستە مرۆڤ خۆی لێبپارێزێت. كەسی (بلیمەت) هەروەكو (شێت) بەوە جیادەكرێتەوە كە ئارەزووی لە پەراوێزی و

یاخیبوون و ملنەدان بۆ دابونەریتە باوەکان و ملکەچ نەکردن هەیە بەڵام تاکە فەرقێکی نێوان بلیمەت و شێت ئەوەیە بلیمەت هەر لە خۆڕاو بەبێ هوشیاریی و بە ناشیرینی دابونەریتەکان پێشێل ناکات. ئەمە جگە لەوەی بلیمەت نەریتگەلی خۆی هەیەو ئیلتیزامی پێوە دەکات و دەبێتە بەشێك لە ژیانی.

پێشتر وتمان بلزاك بە شەو دەینووسی و بە ڕۆژ دەنووست و بەم چەشنە زۆربەی ڕۆمانەکانی بەرهەمهێنا. ئەم شێوە ژیانەیش سەبارەت بە خەڵکی ئاسایی جۆرێکە لە شێتی، چونکە سەرجەمی خەڵك وا ڕاهاتوون بە شەو بنوون و بە ڕۆژیش کاربکەن، کەواتە بلیمەت کەسێکی ئاسایی و سروشتی نییە، ئەو تا پلەی نەخۆشی چۆتە نێو دنیای پرۆژەکەی خۆیەوەو ئامادەیە هەموو شتیکی لە پیناودا بکاتە قوربانی. لە میانی خویندنەوەی بیۆگرافیای بلیمەتاندا تیبینیی ئەوەمان کردووە کە زۆربەیان منداڵ ناخەنەوەو کاتی خۆیان بۆ پەروەردەکردنی خیزان تەرخان ناکەن. جگەرگۆشەی ئەوان بەرهەمەکانیانەو دەیپاریزن هەروەکو چۆن کەسیکی ئاسایی منداڵەکانی خۆی دەپاریزێ و ملکورە لەسەریان. دیکارت ژنی نەهینا، هەروەها کانت و سپینۆزاو نیچەو سارتەرو میشیل فۆکۆو.. هتد

ئەمانــە هیچیــان ژنیــان نــەهێنا. بێگومــان لــێرەدا چــەند کەســێکی دەرهاویشــتە هــەن، بــۆ نموونــە هیگـلْ. بـەلاّم بــە گشـتی بلیمــەت ژیـانی خـۆی بـۆ یــەك شــت تــەرخاندەکات. بــۆ بەرهـــەمی خـــۆی و ئیبداعی خۆی.

بلیمـــەتان هەلْســـوکەوت و خـــووی ســـەیرو ســەمەرەیان هەیـەو لـە هەلْسوکەوتی خــەلْکی دیکـە جیـاوازە. بــۆ نموونــە هــەندێجار لـــە ســاتەوەختی داهێناندا لە بیریان دەچێ نـان بخـۆن یـان ئـاوو شـتی تــر بخۆنــەوە، هــەر بــە تــەواوی خۆیــان لــە ژیــانی ڕۆژانـــەی ئاســـایی جیادەکەنـــەوە بـــۆ ئـــەوەی بەرهەمەکانیان بخەنەوە وەك چۆن ژنی سکپڕ منـالْ دەخاتەوە. مارسیل پروست بـەو تـەرزە ژیـاوە تـا لـە سالْی (١٩٢٢)دا لە بارودۆخێکی خـراپ و لـە ژوورێکـی پـــەرپووتدا مـــرد کــە جگـــە لـــە قەرەوێلْەیـــەك و کورسیەك و سێ مێز شتی دیکـەی تیـا نـەبوو. فرانـز کافکــا زۆر شـــازو نـــامۆ بـــوو و ڕەفتـــاری ســـەیرو عەجایـەبی هـەبوو، بـۆ نموونـە لـە ترسـی نەخۆشـی هەندێ عاداتی تەندروسـتیی سـەیری بەسـەر خۆیـدا سەپاندبوو، هەمیشـە بـە ئـاوی زۆر ساردو بگـرە زۆر جـار بـە بـەفراو خـۆی دەشوشـت، خواردنـە خـۆش و بەلەزەتـەکانی لـە خـۆی قەدەغـە کردبـوو و زۆر بـە

سەختی سزای جەستە خۆی دەدا، هەموو ئەمانــە بـە هـۆی ئـەو نێرۆسـییەی هەمیشـە بـە دوایـەوە بــوو و هەر ئەمەش بووە مایـەی کرانـەوەی بلیمەتییەکـەی. لێرەدا بە تەواوی دەست لـە خـاڵی پـەیوەندیی نێـوان نێرۆســی دەروونــی و بلیمــەتی دەدەیــن، ئەمــە سەرباری ئەوەی بلیمەتەکان بـە پێچەوانـەی خـەڵکی ئاسایی و کەسانی هاوسەنگ هەندێ نەریتی پـەڕگیرو لاگیریان هەیە، بۆ نموونە (ڤۆڵتێر لە ڕۆژێکدا پـەنجا فنجان قاوەی دەخواردەوە، هـەمان شت سـەبارەت بـە فلوبێرو بلزاك، چونکە قاوە مێشك و دەمارەکان وریـا دەکاتەوەو کاری ئیبداعی دەبزوێنێ.. بۆدلێر ڕەفتاری ترسـناکتری هـەبوو، بـەردەوام خواردنــەوەی کحـولی دەخواردەوەو تلیاك و مادە سڕکەرەکانی بەکاردەهێنا، تێکچوونـی تەندروسـتیی ئـەو داهێنەرانــە نرخێکـی گرانی ئـەو ڕەفتـارە نامۆیانـە بـوو، بـەڵام لـە پێنـاوی داهێنانـدا هەموو شتێ هەرزانە.

ئــــەی نیگــــەرانی؟ لــــە ڕاســــتیدا بلیمــــەت کەسایەتیەیکی نائارام و هەستیاری هەیەو هەندێجار دەگاتــــە ئاســــتی نەخۆشــــی و ئەوپــــەڕی لاگــــیری (تەتەڕوف). خۆ ئەگەر هـەموو چـیرۆك و حیکایەتـە سەیرو عەجیبەکانی ژیانیـان ببیسـتین ئـەوا شـوکری خـودا دەکـەین کـە ئێمـە بلیمـەت دەرنەچووینـە یـان

نەبوونە بە کەسایەتییەکی بلیمەت. بۆ نموونە شۆپنهاور، ئەم پیاوە لە یەك کاتدا دوچاری شێتیی مەزنایەتی و گرێی چەوساندنەوە ببوو، باوەڕی وابوو کە هەمیشە بە دوایەوەن و بێئەوەی کەسێکیش بە دوایەوە بێت وایدەزانی چاودێریی دەکەن، کەس نەیدەتوانی ئەو فیکرەیە لە مێشکیدا دەربکات کە گوایە پلانێکی گەردوونی هەیەو لە دژی ئەو دارێژراوە بۆ ئەوەی ڕۆحی داهێنانی تیادا بخنکێنێ و داهێنانە فەلسفەییەکانی لەنێوببات. ئایا ئەمە لە شێتی نزیك نابێتەوە؟ سنووری نێوان عەقڵ و شێتی لە کوێدایە؟ هەر لە ساڵی (١٨١٤)ەوەو ئەو کاتەی تەمەنی (٢٦) ساڵ بوو خۆی بە مەسیح بەراورد دەکرد و لەو بڕوایەدا بوو نێردراوە بۆ ئەوەی ڕێگای حەقیقەت پیشانی خەڵکی بدات، دەیووت: "ئەوەی لە ژیانی یەسووعی ناسریدا ڕوویدا لە ژیانی منیشدا ڕوودەدات کاتێ یەسووع فریشتەکانی یاخود لایەنگرە نووستووەکانی بە ئاگا هێنا. من لەم دنیایەدا تاکە پیاوێکم دەزانم ڕاستی لە کوێدایە". شێتیی مەزنایەتی لەلای شوپنهاور لە دواییدا گۆڕڕاو بوو بە گرێی چەوساندنەوە واتە بەردەوام هەستی بەوە دەکرد کە دەچەوسێنرێتەوە، دواتر هەستی دڵەڕاوکێیەکی گەورەو مەترسیداری

لەلا ڕسكا بە ئەندازەیەك نەیدەوێرا لە نهۆمی دووەم یان سێهەمی بینایەكەدا بژی نەوەكا بیناكە ئاگری تێبەربێت و ئەویش نەتوانێ خۆی فڕێبدا یان هەڵبێت، هەروەها بە بەردەوامی دەمانچەیەكی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرت و هەر ئەوەندە گوێی لە دەنگە دەنگ و هەرایەك بوایە یاخود گوێی لە هەڵكردنی ڕەشەبا بوایە یەكسەر دەستی دەخستە سەر دەمانچەكەی و خۆی دەخستە حاڵەتی ئامادەباشییەوە بەوپێیەی كە هەمیشە كەسانێك هەن بۆ كوشتنی ئەو دێن. دیسان ئەم پیاوە یەكەمجار فیكرەكانی خۆی بە زمانی گریكی و لاتینی و بگرە بە سانسكریتنی دەنووسییەوەو لەنێو لاپەڕەی كتێبەكانیدا دەیشاردنەوە بۆ ئەوەی هیچ كەسێ نەیانبینێ و لێی نەدزرێ، چونكە وایدەزانی نووسین و فیكرەكانی لێدەدزن و بەناوی خۆیانەوە بڵاوی دەكەنەوە. زۆریش ڕقی لە (هیگڵ)ی هاوچەرخی دەبۆوە لەبەرئەوەی هیگڵ سەركەوتوو بوو و ناوێكی درەوشاوەی هەبوو كەچی ئەو بە درێژایی ژیانی نەناسراو بوو، هەموو ئەمەش ڕێی ئەوی لێنەگرت ببێت بە یەكێ لە گەورە فەیلەسووفانی سەردەمە نوێیەكان. كەواتە پێویستە ئەو وێنە ئایدیالی و ئەفسانەییە لە بارەی بلیمەتەوە

لـه زەینـی خۆمـان دەربـهێنین، بلیمــەتیش کەســێکی ئاســاییەو بگــرە هــەندێجار لــە کەســێکی ئاســاییش کەمترەو لە هەندێ ڕەفتارو هەڵسـوکەوتیدا زۆر هیـچ و پووچە. دەشێت ئامانجی هەمیشەیی بلیمـەت ئـەوە بێت وەکو هەموو خـەڵکی تـر کەسـێکی ئاسـایی بێـت جـا لەبەرئـەوەی ناتوانــێ بگاتــە ئــەو ئاســتە (واتــە ئاستی خەڵکی ئاسایی و هاوسەنگ) ئیدی پەنا دەباتە بـەر خولْقـاندن و داهێنـان بـۆ پاراسـتنی هاوسـەنگیی خۆی، ئەگەر لەم کارەدا سەرکەوتووبێت ئەوا خەڵکی پێـی دەڵێــن ئــەوە بلیمەتــە، ئەگــەر ســەرکەوتووش نــەبێت پێــی دەڵێــن شــێتە، لــێرەدا فــەرقی نێــوان بلیمەتی و شێتی دەردەکەوێ.

با ئێستا لەبارەی جان جاك ڕۆسۆ بدوێین کـە لـە خۆرئاوادا بە پێغەمبەر سەردەمە نوێیەکان دادەنرێ. ئــەی هــەر ڕۆســۆ نــەبوو کــە گوتوویـــەتی: ئەگـــەر بمویسـتایە ببـم بـە پێغەمبـەر، کـێ ڕێـی لێدەگــرتم؟ ڕۆسۆ دوچاری گرێی چەوساندنەوەش ببوو هەمیشـە وای هەستدەکرد دەیچەوسێننەوە، بـاوەڕی وابـوو کـە لە هەموو شوێنکێدا پلانێکـی دۆزەخـی و خەتـەرناك هەیــەو لــە دژی ئــەو دەچــنرێ، ئــەم هەســتەی بــە تایبەتی لە نیـوەی دووەمـی ژیـانیدا پـتر لـەلا گەڵاڵـە بوو، تەنانەت گومـانی لـە هاوڕێکانیشـی دەکـرد، وەك

دیارۆ و هیوم و ڤۆلتێر، بەڵکو دەیانگوت ئەم پیاوە چەندین جار شوێنی خانووەکەی گۆڕیوەو لەم گەڕەکەوە دەچووە ئەو گەڕەك لە ترسی ڕاوەدونانێکی وەهمی. کاتێ یەکێ لە دراوسێکانی بیستی کە ڕۆسۆ لە ژوورەکەی تەنیشتیدا دەژی یەکەمجار باوەڕی نەکرد و پاشان گوتی: کەواتە من تەعاروف لەگەڵ گەورەترین کەس لە دنیادا دەکەم. کەچی ڕۆسۆ دەمودەست دەرگای بە ڕوودا داخست و وەهمی ئەوەی لا دروست بوو کە ئەو دراوسێیە سیخوڕە! ئیدی ئەو پیاوەش لە خۆیدا شکایەوەو زۆر خەمبار بوو چونکە ئەو تەنها دەیویست بیناسێت و سڵاوێکی لێبکات. بەڵام وەنەبێ ڕۆسۆ تەنها ئەو سیفەتەی هەبووبێ، بەڵکو پیاوێکی میهرەبانیش بوو و پڕ بوو لە سۆزو محەببەت بۆ هەموو بەشەرێك. بەڵام بە هۆی گیروگرفتەکانی ژیانی و ڕژدیی خەڵکی دیکە لە بەرامبەری و ڕقی هەندێ کەس لەبەر بلیمەتی و نێوبانگە ئەفسانەییەکەی، لە ڕووی دەروونییەوە کەسێکی ئاڵۆز بوو. ناوبانگ هەموو کاتێ باش نییە بەڵکو زۆر جار دەبێتە مایەی بێزاری و گرفتی گەورەو بگرە هەندێجار مەترسیشی لەدوایە. لە ڕاستیدا دڵەڕاوکێی بلیمەتان هەندێجار دەگاتە پلەی داڕووخانێکی تەواو، واتە شێتبوونێکی

ڕاستەقینە، ئەمە وەك بەسەر ڕوبێرت شومان‌ی مۆسیقاردا هات  کە لە ساڵی (١٨٥٤)دا بە هاوڕێکانی گووت: "دەمەوێ داخڵی نەخۆشخانەی ئەقڵی بم، من ئیتر تەواو کۆتاییم پێهات، من لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتەکانم بەرپرسیار نیم تکایە بەندم بکەن".

جیرار دونێرڤال‌ی شاعیر بە هاوڕێکانی گووت: "دەترسم بمخەنە خانەی ئاقڵانەوە (مەبەستی نەخۆشخانەی ئەقڵی بوو) لە کاتێکدا خەڵکی لە دەرەوە هەموویان شێتن!"[٧]. ئەندرێ بریتۆن کە تەنها بە شێوەیەکی سوریالییانە شێت  بوو، ناڕەزایی دەربڕی لە بەرامبەر بەندکردنی بلیمەتان لە نەخۆشخانەی ئەقڵیداو گووتی: "ئەم هەموو زیندانە کارێکی خراپ و زۆرەملێیە. من تێناگەم چۆن کەسێك لە ئازادییەکانی خۆی بێبەش دەکەن. ئەوانە سادو نیچەو بۆدلێریان زیندانی کرد"[٨] کە دەشیا ئەم ناوانەیشی بۆ زیادبکات: کۆنراد، موپاسان، هۆڵدەرلین، هەمەنگوای، ڤان کوخ، ئالتۆسێرو ئیدی لیستەکە زۆر درێژە. ئەو دڵەڕاوکێ دەروونییە ترسناکەی لە زۆربەی نووسەراندا هەیە، لەلای (ئەلبێر کامۆ)شدا بە ڕوونی دەردەکەوێ. زیاد لە جارێك بە یەکێ لە برادەرە نزیکەکانی خۆی  گوتووە

كه بەردەوام هەست بە نیگەرانییەكی كوشندە دەكات و دووریش نییە پەنا بباتە بەر خۆكوشتن بۆ ڕزگاربوون لە دەست گیروگرفتەكانی، لە ڕاستیدا كامۆ لە ڕووداوی پێكدادانی ئوتومبیلدا لە ڕێگەی نێوان لیۆن-پاریس گیانی لەدەست دا.

كەس نەیزانی ئەوە خۆكوشتنێكی ئاگایانە بوو یان تەنها ڕووداوێك بوو. بەهەرحاڵ ئەو ڕووداوە لە خۆكوشتن دەربازی كرد. لە كتێبە ناودارەكەی (ئەفسانەی سیزیف) هەست بە شكست و نائومێدییەكی تەواو دەكەین، كتێبێكی جوانەو شایستەی خوێندنەوەیەو ناشزانم ئاخۆ كراوە بە عەرەبی یان نا.

ئێستا با لە بارەی بۆدلێر بدوێین. ئەو هێشتا منداڵ بوو باوكی مرد، تا ڕادەی نەخۆشی هۆگری دایكی بوو. لە دوای ماوەیەكی كورت لە مردنی باوكی، دایكی شووی بە ژەنەراڵ ئوبێك كرد و ئەمەش لەلای بۆدلێر كارەسات بوو، پاشان بە درێژایی هەموو ژیانی خەمێكی قووڵ دایگرت، پێی وابوو دایكیان لێ دزیوەو دایكیشی ناپاكیی لەگەڵدا كردووە، نەیدەتوانی خەیاڵی ئەوە بكات كە دایكی لەگەڵ پیاوێكی دیكەدا دەنوێت.. ئای لەو ناپاكییە! ئای لەو غەدرە!

له راستیدا بۆدلیر دوچاری گریی ئۆدیب ببوو که فرۆید بۆ یەکەمجار کەشفی کردو پەرەی پیدا.، بۆدلیر چەند جاریك بیری لە خۆکوشتن کردبۆوە، جاریکیان شمشیریکی بە سینەی خۆیدا هینا بەلام لەم هەولی خۆکوشتنەدا سەرنەکەوت. لای یەکیك لە برادەرەکانی باسی نائومیدی و بیزارییەکانی خۆی و قیزلیبوونەوەی ژیانی کردووەو وتوویەتی: "من خۆم دەکوژم و باکم بە ژیانیش نییە، خۆم دەکوژم چونکە توانای ژیانم نەماوە. بیزارو ماندووبووم لەوەی هەموو شەویَ بنووم و سبەینیَ لە خەو هەستم و بە راستی لەم عادەتە بیزار بووم. من دەمەویَ یەك جارو بۆ هەتاهەتایە بنووم. خۆم دەکوژم چونکە بوومەتە بارگرانی بەسەر خەلکانی ترەوە. خۆم دەکوژم چونکە باوەرم وایە من نەمرم و تەژیم لە هیواو ئومید"[٩].

خەمۆکی و نائومیدی لەنیو گەورە داهینەراندا دیاردەیەکی زۆر بلاوە، بۆ نموونە بیتهۆڤن کە یەکیکە لە مۆسیقارە گەورەکانی دنیا، ژیانیکی تال و ناچیزەی بەسەر بردووە، وردەوردە هەستی بیستنی کز دەبوو تا دواجار بە تەواوی کەر بوو و ئەمەش گرییەکی دەروونیی راستەقینەی بۆ دروستکرد، دەشیت هەر ئەم گرییەش ئەنگیزەی راستەوخۆی

تەقاندنەوەی بلیمەتییەکەی بووبێت. بلیمەتی وەك قەرەبووی ناتەواوییەك دێت، دێت بۆ ئەوەی کەم و کورتییەکان -وەك شیکاری دەروونی دەڵێت- پڕبکاتەوە. بیتهۆڤن بەردەوام ڕەشبین بوو و خەمێکی قووڵ ناخی دەکرۆشت، تەنانەت ئەو کاتانەی پێدەکەنی، پێکەنینێکی ناشیرین و توند و ناسروشتیی لێدەهاتە دەری، پێکەنینی پیاوێك بوو هەرگیز ئاشنای ئاسوودەیی نەبووە، کاتێکیش دەچووە نێو چرکەساتی بەهرەو داهێنانەوە ئیتر لە پێستی خۆی دەردەچوو و ڕەفتاری شێتانەی دەنواند و ون دەبوو و ڕاما دەماو خەڵکی لە دەوروبەریدا کۆدەبوونەوە. بێئەوەی گوێیان بداتێ، بە هەموو دەنگی خۆی هاواریی دەکردو لەبەرخۆیەوە گۆرانیی دەگوت و بە درێژایی ژوورەکەی هاتوچۆی دەکرد، لەوپەڕی شپرزەیی و ناسەقامگیریدا دەژیا تا دەگەیشتە ساتەوەختی لەدایکبوونی ئاسوودەیی، واتە لەدایکبوونی پارچە مۆسیقایەکی سیمفۆنی.

نیگارکێشی ناوداری فەرەنسی کلۆدمۆنێ، یەکێ لە دامەزرێنەرانی قوتابخانەی ئیمپرسیونیزم لە هونەری شێوەکاریدا، لە کەناری داڕووخانێکی دەروونیدا بوو، بەر لەهەر کارێکی ئیبداعی هەستی

بــە داکــەوتن و شکســت دەکــرد، واتــە بــەر لــە تــەواوکردنی هــەر تابلۆیــەکی هونــەری دوچــاری شـپرزەیی و حاڵـەتێکی دەروونیــی نائاسـایی دەبـوو. کەسـێکی مازۆشـی و زاهیدبـوو، تواناکـانی خــۆی بـە پچووکی دەبینی و بەردەوام دەیووت: هەموو شـتێکم لەدەســتچوو، هــەرگیز ســەرکەوتوو نــابم و هـــەموو بەرهەمەکانم دەدۆڕێنــم و ناچـار دەبم کەلوپەلـەکانم بفرۆشـم.. هتـد. لەگـەڵ ئەوەشـدا مێـژوو نـاوی ئــەو هونەرمەندەی وەك یەکێ لە هونەرمەندە گەورەکانی چەرخی نوێ تۆمار کرد.

وتمان بلیمەت لە خەسڵەتێکی بنچینەییدا لەگەڵ شـێت (یـان لەگـەڵ نەخۆشـێکی ئــەقڵی)دا هاوبەشــە، ئەویش: قەیرانی ناوەکییە، بەڵام جیـاوازیی بلیمـەت و شــێت ئەوەیــە قــەیرانی بلیمــەت لــە ڕێگــەی داهێنانەوە ئـاوا دەبێ، کـەچی قـەیرانی شـێت بـەرەو وڕێنەیــەکی بــەتاڵ و کــاری نــاچیزەو ناشایســتەی دەبات. واتە ئەگەر داهێنـانێکی گـەورە نەبوایـە ئـەوا بـە مسـۆگەری بلیمــەت دەبـوو بـە کەسـێکی شـێت. داهێنـــان دەتوانـــێ هونەرمـــەند لـــە قەیرانـــە ناوەکییــەکانی یــاخود لــە نـــاکۆکی و دژایەتییـــە تیژەکانی ڕزگار بکات. بـەم مانایـە داهێنـان بریتییـە لـە تەقینەوەیـەك لـە قووڵاییـەوە دێتـە دەرێ، لـە

دایکبوونێکە لە پاش ژانێکی قووڵ و ترسناك وە دێت. بەمجۆرە داهێنەر بۆ ماوەیەکی زەمەنی هاوسەنگیی خۆی بەدەست دەهێنێتەوە بەرلەوەی جارێکی تر بچێتە نێو خولێکی تازەی قەیرانامێزەوەو ئیدی ئەو قەیرانە نوێیەش دیسان لە ڕێگەی داهێنانێکی نوێوە ئاوادەبێ و.. بەم چەشنە ئەو سوڕە بەردەوام دەبێت. بە تایبەتی ئەگەر داهێنانەکە لە لایەن توێژێکی فراوانی خەڵکییەوە پێشوازی بکرێ و خەڵکی سەرسامی لە ئاستی ئەو داهێنانەدا پیشان بدەن، لێرەوە داهێنەر بە دانپیانان و سەرسامیی خەڵکی هاوسەنگیی خۆی ڕادەگرێ، ئەگەر ئەو دانپیانانە نەبێت لەوانەیە داهێنەر هاوسەنگیی خۆی لەدەست بدات و بخزێتە قووڵایی دەریای شێتبوونەوە. ئیعترافکردنی کەسانی تر متمانە بەخۆبوونت پێدەبەخشێ و شوێن پێت پتەو دەکات و مۆتەکەی سەر سینەت دەرەوینیتەوە. لە واقیعدا پیناسی بلیمەتی ئەمەیە: دانپیانانی زۆرترین ژمارەی خەلك بە داهینەر و مانەوەی ئەو دانپیانانە بە دریژایی سەدەکان. هەر ئەمەشە نرخ و بەهایەکی گەورە بۆ کارە مەزنەکان دادەنیت، بۆ نموونە تابلۆکانی مایکل ئەنجیلۆ و ڤان کوخ، شانۆنامەکانی شکسپیر، ڕۆمانەکانی بلزاك و

دستۆیڤسکی، کتێبە فەلسەفییەکانی دیکارت و کانت و هیگڵ.. هتد.

لێرەدا گرفتێکی دیکە هەیە، هەندێ لە بلیمەتان تەنانەت لە دوای داهێنانێکی گەورەش کەچی هاوسەنگی خۆیان لە ڕووی دەروونییەوە ڕانەگرتووە، ئەمە وەك لە ژیانی ڤان کوخ و شومان و ڤێرجینیا وۆڵف و نیچەدا ڕوویداوە، دەشێت هۆکاری بنچینەیی ئەم حاڵەتە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو کاتەی لە ژیاندا بوون چانسی ئیعتراف پێکردنیان نەبووە، بەڵکو لە پاش مردنیان قیمەتی بەرهەمەکانیان زانراوەو درەنگ ئیعترافیان پێکراوە، ئەمە بە تایبەتی لە ژیانی ڤان کوخدا ڕوونتر دەردەکەوێت، ئەوکاتەی لە ژیاندا بوو هەمیشە هەژارو برسی بوو کەچی ئەمڕۆ تابلۆکانی بەدەیان و بگرە بە سەدان ملیۆن دۆلار دەفرۆشرێن، واتە قەدەر ئەو هەلەی بۆ نەڕەخساند کە لە نیعمەتی ناوبانگ و بەرهەمی بلیمەتییەکەی بخوات. هەروەها نیچە ئەوکاتەی لە ژیاندا بوو تەنها چەند کەسێك پێی سەرسام بوون و ئیعترافیان پێدەکرد، پاشان لە دوا شێتبوون و لە دوای مردنی بە ماوەیەکی کورت ناوبانگی نیچە وەك بۆمبێك تەقییەوە، خۆیشی پێشبینیی ئەوەی کردبوو کاتێ لەلای یەکێ لە برادەرەکانی ئەم ڕستە ناوادارەی

گوتبوو: "هەندێ کەس لە پاش مردنیان لەدایکدەبن! ڕۆژی منیش دێت، بەڵام لە ژیاندا نابم". ئەلیزابیسی خوشکی کەوتە ناو نیعمەتی نێوبانگی براکەیەوەو بە هۆی فرۆشتنی کارەکانی بە چەند ملیۆن دانەیەك پارەیەکی زۆری چنگ کەوت، کەچی لە ژیانی نیچەدا تەنها چەند سەد دانەیەك لە کتێبەکانی دەفرۆشران. لێرەدا کەسانێك هەن تەنانەت دوای ئەوەی هەموو شتێکیان بۆ مەیسەر دەبیٚو لە بەروبوومی شوهرەتی خۆیان دەخۆن کەچی تێرنابن، مەبەستم ئارام نابنەوەو هەست بە سەقامگیری ناکەن، ئەمانە ئەو ڕۆحە بێئامان و دوودڵەن کە کرۆك و نهێنییان نازانرێ، گەورەترین نموونەی ئەو حاڵەتە، ژنە نووسەری ئینگلیزی ڤێرجینیا وۆلڤە کە لە پاش سەرکەوتن و تامکردنی لەزەتی ناوبانگ، خۆی کوشت.

ڕۆژی دوو شەممەی ڕێکەوتی (٢٧) فیبرایری ساڵی (١٨٥٤ ) مۆسیقاری ناوداری ئەڵمانی ڕۆبێرت شومان لە ماڵەکەی خۆیدا لەگەڵ ژمارەیەك لە هاوڕێکانی دانیشتبوو، لە ناکاو میوانەکان جێدەهێڵێ و بە جلوبەرگە ئاساییەکەی بەری دەچێتە دەرێ، هاوڕێکانی وایانزانی بۆ کارێکی پێویست و تایبەتی خۆی چۆتە دەرەوەو پاش کەمێکی تر دەگەڕێتەوە،

بەلام لە ڕاستیدا یەکسەر چووبووە سەر ڕووباری ڕاین و پاش ئەوەی هەستی بە قەیرانێکی کوشندە کرد ئیدی خۆی فڕێ دابووە ناو ڕووبارەکەوە. لە خۆشبەختی ئەو (یان لە بەدبەختیدا، نازانین) هەندێ ماسیگر لەوێ بوون و نەیانهێشت بخنکێ و لە مردن ڕزگاریان کرد.

لە ساڵی (١٨٨٠)دا نیچە تەمەنی (٣٦) ساڵ بوو، وازی لە زانکۆ هێناو دەست لەکارکێشانەوەکەی خستە بەردەم بەرپرسانی زانکۆوەو ئیتر دەستی کرد بە ژیانێکی پڕ لە ئاوارەیی و ونبوون لە ڕێگەو بانەکاندا، بەمجۆرە دەهات ببێ بە فەیلەسووفێکی ڕاستەقینە، بەلام میزاجێکی حولحولی هەبوو و هەر جارەی بەشتێکەوە دەیگرت و بیری خۆکوشتنیش هەمیشە بەدوایەوە بوو. لە دوای شکستی ئەوینێکی گەورە لەگەڵ لواندریا سالومی ی ئەویندارى، قەیرانەکەی توندترو سەختر بووەوەو سێ جار هەوڵی خۆکوشتنی داو لە هیچیاندا سەرنەکەوت، بڕێکی زۆری لە شلەی کلورال خوارد کەچی نەمرد. سەیر ئەوەیە لەو دەمانەدا دەستی بە نووسینی شاکارە نێودارەکەی (زەردەشت بەمجۆرە دوا) کردو ئەگەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بووبێت لە شێتبوون دوورکەوتەوە.

ڤێرجینیا وۆڵف بە درێژایی ژیانی بیری لە خۆکوشتن دەکردەوەو هەمیشە لە قووڵایی خەمێکی ئازارهێندا دەژیا، ڕازی نەدەبوو هیچ بخوات، دانی بەوەشدا نەدەنا کە نەخۆشە، زوو زوو دەیووت ئەم حاڵەتە دەگەڕێتەوە بۆ هەستکردن بە گوناهێك. بەڵام چ گوناهێك؟ کەس نازانێ. کاتێك قەیرانەکەی زۆری بۆ هێنا، بۆ یەکەمجار لە ساڵی (١٨٩٥) ویستی لە پەنجەرەکەوە خۆی فڕێ بداو خۆی بکوژێ. لە ساڵی (١٩١٣)شدا بۆ دووەمجار ویستی لە ڕێگەی ژەهرخواردنەوە خۆی بکوژێت، بەڵام لە ساڵی (١٩٤١) و بۆ سێیەم جار (سەرکەوت) و خۆی فڕێدایە نێو دەریاوەو خنکا.

نووسەری ناوداری فەرەنسی موپاسان لە ساڵی (١٨٩٢)دا دوای ئەوەی گەیشتە حاڵەتی قەیرانێکی کوشندەو ڕەشبینییەکی توند، هەوڵی خۆکوشتنیدا بەڵام سەرنەکەوت، دواتر خرایە نەخۆشخانەی ئەقڵییەوەو پاش ساڵێك مرد، بەمجۆرە نرخێکی گرانی نێوبانگ و داهێنانەکانی بەخشی. ناوبانگ باجی خۆی هەیەو دەبێ بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەو باجە بدرێ.

کێ باوەڕ دەکات فەیلەسووفی گەورەی فەرەنسی ئۆگست کۆنت، دامەزرێنەری فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم،

زیاد له جارێك گەیشتۆته كەناری شـێتبوون و چـەند جـارێك خـۆی هاویشـتۆته ڕووبـاری سـینو هـەوڵی خۆكوشـتنی داوه. كـەس لـەو بـاوەڕەدا نییـه دامەزرێنـەری پۆزەتیڤـیزم كـه بـه لوتكـەی عەقڵانییەت له خۆرئاوا دادەنرێ دوچاری شێتی یـان ڕووخـانی دەروونـی بووبێـت و لـه هـەندێ قۆنـاغی ژیانیدا توندتر بووبێتەوه. ئەمـەش بەڵگـەی ئەوەیـه كـه دەشـێت بلیمـەتی لـه منداڵدانـی شـێتییەوه بێتـه دەرێ و بگـره بەسـەر شێتیشـدا سـەربكەوێ. ئەگـەر ئۆگست كۆنت نەیتوانیبایه ئەو فەلسـەفەیه دابـهێنێ كـه لـه لایـەن هاوچەرخـەكانی خۆیـەوه بـووه مایـەی ڕێزو سەرسامی ئەوا به تەواوی دەكەوتـه نـاو شـەوی شێتبوونەوه. كەواته دەبێ ئەو وێنه باوەی بلیمـەتان لـه زەینـی خۆمـاندا بسـڕینەوه كـه وەك كەسـێكی سەروومرۆڤ خۆی دەنوێنێ و گوایـه دوچـاری لاوازی و نـائومێدی و شكسـت و زەلیلـی نـابێت، ئەمـه وێنەیـەكی ئەفسـانەیی و ئایدیالییـەو هیـچ پەیوەستێكی به واقیعـەوه نییـه، ئـەم تـەرزه وێنەیـه بـه زۆری لـه پـاش مـەرگی بلمیەتانـەوه شـكڵدەگرێ، وێنەیـەكی پیرۆزگەرایـەو كەسـانی لایـەنگرو سەرسـام بەشداری له خولْقاندنیدا دەكـەن، ئەمـەش بێگومـان مانای وا نییه بلیمەتان كەسانی مـەزن نـین، مـەزنیی

بلیمەت لەوەدایە توانیویەتی بەسەر شکستی دەروونی و ناوەکیی خۆیدا سەربکەوێت و داڕووخانی دەروونی بگۆڕێت بۆ شتێکی ئیجابی و کارێکی مەزن.

مەزنیی بلیمەتان لێرەدایە، ئەوانە هەوڵوکۆششێکی گەورە دەدەن بۆ زاڵبوون بەسەر خۆیاندا و بۆ پاشەکشەپێکردنی ئەو گرێ دەروونیانەی لە ناخیاندا ڕەگی داکوتاوە، بەم چەشنە شتی سەلبی دەگۆڕن بۆ شتی ئیجابی و.. شێتی دەگۆڕن بۆ بلیمەتی، یان بڵێ شێتی و بلیمەتی لەلای ئەوان بە تەنیشتی یەکترەوەن. ئەو ئۆگست کۆنتەی وڕێنەی دەکردو جارێك هەوڵی خۆکوشتنی داوە هەمان ئەو ئۆگست کۆنتەیە کە فەلسەفەیەکی زانستیی دامەزراند، فەلسەفەیەك یاوەری هەڵکشانی چەرخی پیشەسازی بوو لە خۆرئاوا. دیسان ئەم پیاوە لووتکەی عەقڵانییەت و لووتکەی شێتی پێکەوە دەنوێنێ. بلیمەتی و شێتی لە یەك سەرچاوەدان، واتە هەردووکیان لە نائاگاییەوە دەردەچن، ئەو نائاگاییەی کە لە یەك کاتدا کیشوەرێکی تاریك و مەجهولە، لەو بورکانە قووڵە دەچێت کە لە ژێر چینە جیۆلۆجیەکانی زەویدایەو جاری وا هەیە بلیمەتیی لێدەتەقێتەوەو جاری وایش هەیە شێتی.

گۆتــــه، ئەگـــەرچی جاروبــــار بــــه قورســـی شێتی دەیگرت، بـەڵام هــەوڵی خۆکوشـتنی نـەداوە، تەنـــها ڤارەمـــانی یەکـــەمین ڕۆمـــانی (ئازارەکـــانی ڤارتـەر)ی وا لێکـرد خـۆی بکوژێـت و بـــەمجۆرە ئـەو ئەرکـــەی لـــە خـــۆی دوورخســـتەوە. دەڵێـــن ئـــەو نووسەرانەی لە نووسینەکانیاندا پرۆسەی خۆکوشـتن ئـــەنجام دەدەن یـــان زۆر باســی دەکـــەن، بـــه ڕاســـتی خۆیـــان نـــاکوژن، کـــەچی ئەوانـــەی بــــه تـــەواوی بێدەنگـەی لێدەکـەن بـه ڕاسـتی خۆیـــان دەکـــوژن، بـــەمجۆرە خـــەڵکی لـــەوەدا سەرســـام دەکـــەن کـــە شـتێکی ئـــەنجام داوە هیـــچ پێشـــینەیەکی نـــەبووە. لـه فەرەنسـەدا ئامارێکیـان بـۆ ڕێـژەی خۆکوشـتن لـــە نێوان داهێنـەراندا کرد، بۆیان دەرکەوت ئەم کارە لـە نێوەنـــدی ئـــەدیبان و شـــاعیراندا زۆرە. بـــەڵام لـــە نێوەنـدی نیگارکێشـــان و مۆســـیقاژەنەکاندا کەمـــە، ســـەرباری ئـــەوەی ڤـان کـوخ و گۆگـــان و شـــومان و چایکۆڤســـکی خۆیـــان کوشـــتووە، بـــەڵام ژمـــارەی هونەرمـــەندان کـــەمترە لـــە ژمـــارەی ئـــەو شـــاعیرو ڕۆماننووسانەی خۆیان کوشتووە، بـۆ نموونـە: جـیرار دونێرڤـــال، مایکۆڤســـکی، بۆدلـــێر، هەمـــەنگوای، مۆنتـیرلان، مۆپاسـان، ڤێرجینیـا وۆڵف، نیچـە، ئیگـار ئالان پۆ.. و لیستەکە درێژە.

دواجار، دەبەنگی و نەزانییە ئەگەر پێمان وابێت دەتوانین نهێنیی بلیمەتی کەشف بکەین. بلیمەتی نهێنیی نهێنییەکانەو لە هەموو ڕاڤەکردنێك دەردەچێ، بەڵام دەکرێ لە هەندێ لایەنی تێبگەین له میانی دەرکەوتنیدا لەلای کەسانێکی دیاریکراو کە بە "بلیمەت" ناویان دەبەین، یان لەلای گەورە "داهێنەران" کە لە زمانی هاوچەرخماندا حەزدەکەین بەو جۆرە ناویان ببەین چونکە وشەی بلیمەت (عەبقەری) بۆ کاتی ئێستامان وشەیەکی کۆن و بەسەرچووە، ئەگەرچی هەردوو وشەکەش هەمان مانا دەبەخشن. کەس نهێنیی شانۆنامە جوانەکانی شکسپیر نازانێت، یان هۆی سەرکەوتنی تابلۆکانی ڤان کوخ، یان قەسیدەکانی ڕامبۆ.. هتد. ڕاستە دەشێت میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی و هونەری زۆر لایەنی ئەو کارە ئیبداعییانەمان بۆ شیبکەنەوەو بگرە هەندێجار ڕەخنەی ئەدەبی دەچێتە قووڵایی کاری ئیبداعییەوە، بەڵام لێرەدا لوغزێك دەمێنێتەوە زەحمەتە لە ڕێگەی شیکردنەوەوە پێی بگات، هەر ئەو لوغزەیە پێیدەگوترێ: بلیمەتی.

ڕامبۆ وەکو ئەو دوای شاعیرانی وەچەکەی خۆی زمانی فەرەنسیی بەکاردەهێنا، بەڵام ئەو تەنها

کەسێك بوو توانی ئەو قەسیدانە بنووسێت کە هاوتایان نییەو تا ئەمڕۆش سەرسامین پێیان. دەتوانین لە زمانی عەرەبیدا هەمان شت سەبارەت بە موتەنەبی و گەورە شاعیرانی دیکەش بڵێین. کەواتە لێرەدا کیمیایەکی سیحری یان نهێنییەك بۆ ئیبداع هەیەو نازانین چییەو تەنها داهێنەری گەورە (یان بلیمەت) پێیدەگات. داهێنەر بە شێوەیەکی تر وشەکان ئاوێتە دەکات و ڕۆحیان بە بەردا دەکات و پاشان لەسەر لاپەڕەکانی مێژوودا دەیانکات بە قەسیدەی نەمر و ئێمەش بە سەرسامییەوە دەیخوێنینەوە و تەنانەت پاش تێپەڕبوونی سەدان ساڵیش سیحر و شەفەقی ئەو قەسیدانە خامۆش نابن، ئەمەیە نهێنیی بلیمەتی و لوغزە سەرسوڕهێنەکەی. زانستی نوژداریی دەروونی و شیکاری دەروونی هەوڵیان دا نهێنیی بلیمەتی کەشف بکەن و گەیشتنە کۆمەڵی دەرەنجامی گرنگ، بەڵام هێشتا نهێنییەك دەمێنێ ناچێتە ژێر باری تەفسیرکردنەوە. گاستۆن باشلار، یەکێ لە زانایانی ئەدەب و ڕەخنەگری ئەدەبی، دەڵێ: "لە قووڵایی ناخی سروشتەوە گژوگیای نامۆو سەیروسەمەرە سەوز دەبن. لە تاریکایی مادەدا گوڵی ڕەش سەردەهێنن. ئەم گوڵانە بۆنی عەترێکی خۆشیان

هەیە هەروەکو کەسانی خۆیشی هەیە بە جوانی لێیدەکەنەوە".

بەم چەشنە بلیمەتی لەدایکدەبێ، وەك ئەو ڕۆشناییەی لە منداڵدانی تاریکییەوە دەردەپەڕێ، یان وەك ئەو عەقڵەی لەسەر پاشماوەکانی شێتییەوە ڕاستدەبێتەوە. نیشانەی بنچینەیی داهێنەران ئیعترافکردنێکی گەردوونی و هەمیشەییە پێیان، کەس گومان لە بلیمەتیی شکسپیر یان موتەنەبی یان مەعەڕی یان بۆدلێر یان نیچە یان هیگڵ ناکات، هەرچەندێ ڕۆژگار بەسەر بەرهەمەکانیاندا تێپەڕێ وەك شەرابی موعەتتەق باشتر پێدەگەن و ئاوێتە دەبن و خۆشتر دەبن، بایەخێکی زیاتریان دەبێت و پڕدەبن لە مانـاو دەلالات. زانستی نوێی نۆژداری دەروونی لە دوای چەندین لێکۆڵینەوەی ئەزموونگەریدا سەلماندوویەتی کە بلیمەت ئاوێتەیەکی دەروونیی تایبەتیی نییە بە قەدەر ئەوەی ئیشپێکردنێکی تایبەتیی لەو ئاوێتە دەروونییەدا هەیە، چونکە داهێنەریش وەك هەر کەسێکی تر مرۆڤە بەڵام خۆئامادەکردنێکی سایکۆلۆژیی جیاوازی هەیە، بە بەراورد لەگەڵ خەڵکی ئاساییدا ئەو وزەیەکی گەورەی بۆ جووڵانەوەو داهێنان تیایە، هەروەکو خەسڵەتێکی

دیکەیشی هەیە کە بریتییە لە جیاوازبوون و ئارەزووی دەرچوون لە بازنەی مەئلووف، واتە کەسێکی ملکەچ بۆ هەموو دابونەریتە کۆمەڵایەتییە باوەکان مومکین نییە ببێت بە کەسێکی بلیمەت، چونکە یەکەمین خەسڵەتی بلیمەتی بریتییە لە دەرچوون لە شتی مەئلووف کە زۆرجار ڕەفتاری شاز و نامۆی لێدەردەچێ. بۆیە دەبینین بلیمەتان لە سەرەتادا یان بۆ یەکەمجار خەڵکی دوچاری شۆکی جۆراوجۆر دەکەن و لەو ناوەندەداو لە ژینگە ئاساییەکەی خۆیاندا زەحمەتی و ئاستەنگێکی زۆریان تووشدەبێت، ئیتر کاتێکی زۆری دەوێت خەڵکی بە تەواوی بیانناسێت و ئیعترافیان پێبکەن، هەندێجاریش بلیمەت ئیعترافی پێناکرێ لە دوای مردنی نەبێ. تەنها بلیمەت خۆی بەهای کارەکەی دەزانێت و لە سەرەتاشدا ناتوانێت دەمودەست قەناعەت بەخەڵکی بێهێنێت تەنانەت خێزانەکەیشی، لەبەرئەوە زۆرجار دوچاری موعاناتی زۆر و داکەوتن دەبێت و دەیەوێ پاشەکشە بکات یان خۆی بداتە دەست ئەمری واقیعەوە بەڵام لە ناخیدا هێزێکی ناوەکی یان هێزێکی نهێنیامێز هەیە ناهێڵێت پاشەکشە بکات بەڵکو پتر هانیدەدات بۆ ئەوەی بەردەوام بێت و ڕێگاکە بەرنەدات و لە

تێکۆشـان خاوەنبێتــەوە، بۆیــە وتمــان یــەکێ لــە سـیفەتەکانی بلیمــەت ســەبرو خۆگــری و کۆششــی بەردەوامــە بــۆ زەمــەنێکی دوورو درێــژ، بلیمــەت کەسێکی پێداگـرەو وازنـاهێنێت تـا ئەرکەکـەی خـۆی جێبــەجێ نــەکات، خــۆی وا دەبینێــت هــەڵگری پەیامێکە یان بەرپرسە لە جێبـەجێکردنی ئـەرکێکی گـەورەو ئامادەیـە لـە پێنـاوی ئــەو ئامانجــەدا ژیــانی خـۆی بکـات بـە قوربـانی. لـێرەوە نـهێنیی هــێزو توانایەکی وای تیادا دەرسکێت کە هەموو بەربەست و ئاستەنگێکی سەر ڕێگای ببـەزێنێ، ئـەو بەربەسـت و ڕێگرییانەی کەسانی دیکە لەسـەر ڕێگاکـەی دادەنێـن. هــەر ئــەوەندە خــەڵکی لــە نیــازە ڕاســتەقینەکەی بلیمــەت تێبگــەن ئیــتر بــە شــێوازی جۆراوجــۆر هــەوڵدەدەن کارەکــانی لێ تێکبــدەن و نــەهێڵن ئەرکەکەی جێبەجێ بکات. کەواتە بلیمەت بـەردەوام هەڕەشــەلێکراوە بــە تایبــەتی لــە قۆناغــەکانی یەکـەمیدا، بۆیـە دەشـێت بلیمـەتی بـۆ خاوەنەکـەی شـوێنی مەترسی بێـت، هـەندێجار ئـەو مەترسـییە دەگاتـە ئاسـتی هەڕەشـەی لـەنێوبردنی جەسـتەیی. بەڵام بۆچی ئەو هەموو مەترسـییە لەسـەر بلیمـەتدا هەیە؟ لەبەرئەوەی ئاسایی و سروشتی نییە ببیت بە بلیمەت بـەڵکو زۆر ئاسـاییە وەك هـەموو خـەڵکی دی

ببیت بە کەسێکی ئاسایی. لەبەرئەوە هەر ئـەوەندەی خـەڵکی هەسـتیان کـرد تـۆ بلیمـەتیت یـان تـۆوی بلیمـەتیت لـە نـاختدا هـەڵگرتووە ئیـدی بـە ڕێگـەو شـێوازی جیاجیـا ڕێـت لێدەگـرن و گرفتـت بـۆ دەخوڵقێنن و هەوڵدەدەن بتخەن و شکستت پێبهێنن، ئـەها ڕژدی (حەسـوودی) شـتێکی چـەند ترسـناك و خەتەرە! سەیر ئەوەیە هەندێجار لـەو ڕژدییـە لـەلای بلیمەتەکانی تریشدا هەیەو نایانەوێ لە پاش خۆیـان هیـچ بەهرەیـەکی تـر بکرێتـەوەو گـەورە بێـت. ئەفسانەیەك هەیـە دەڵێت ئـوم کەلسوم دەسـتی لـە کوشتنی ئەسمەهاندا هەبووە چونکە دوای ئەوە گوێی لە دەنگە بە سازو شیرینەکەی بـووەو ترسـاوە لـەوەی ئـەو دەنگـە خۆشـە مونافەسـەی بکـات، واتـە بـە بلیمەتیی ئەسمەهان ترساوە. سا ئەم حیکایەتە ڕاست بێـت یـان درۆ ئـەوا دەلالـەت لـە شـتێك دەکـات. دەگێڕنـەوە چـەندین شـاعیری گـەورە هـەوڵیانداوە بـەهرە تـازەو هەڵکشـاوەکان لەناوبـەرن یـان بـەهایان کـەم بکەنـەوە چونکـە هەسـتیان بـەوە کـردووە ئـەو توانا نوێیانە بۆ سەروەریی ئەوان شوێنی مەترسـی و جێلەفکردنـە. بـەڵام وەك پێشـتر وتمـان لـێرەدا خەتـەرێکی تـر هەیـە هەڕەشـە لـە بلیمـەت دەکـات ئـەویش: شـێتی یـاخود شـڵەژانێکی تونـدو هـەڵچووی

عەقڵییــە. لــە لێکۆڵینەوەیــەکی ئامــاریدا کـــە لــەم دواییەدا لەسەر ئەم بابەتە کراوە دەریخستووە کە بــە دەگمـــەن بلیمـــەتێك خـــاڵیدەبێت لـــە نیشـــانەکانی شـــێتبوون و شـــڵەژانی عـــەقڵی. فیلیکـــس بوســـتـی توێـژەر لـە سـاڵی (١٩٩٤)دا ئـەو ئامـارەی ئـــەنجامداوە، واتــە ئامــارێکی تازەیـــەو (٢٩١) کەســـی لـــە دنیـــای سیاسـەت و فەلسـەفەو زانسـت و هونـــەر و مۆســـیقاو شـیعر و ئـــەدەبی گرتۆتـــەوە. کەســـایەتییەکانی ئـــەو ئامــارە کەســـایەتیی بلیمــەتن و لــە نێــوان ســـەدەی نۆزدەهەم و بیستەمدا لە ئەوروپا دەرکەوتوون.

ئامارەکــەی فیلیکــس بوســت دەریخســتووە ئــەو کەســـایەتییە بلیمەتانـــە ســـیفاتگەلێکی نائاســـایی و ناسروشـــتییان هـــەبووە، (٥٠٪)ی ئەوانـــە دوچـــاری شپرزەییەکی دەروونیی ئێجگار تیژ بوونە و بگرە لـە هـەندێ قۆنـاغی تەمـەنیاندا لـە داهێنـانی خسـتوون. ئەم ڕێژەیــە لــەلای فەیلەســووفان بــەرزتر دەبێتــەوەو دەگاتە (٦٠٪)، کەچی لـەلای ئـەدیبان و شـاعیران پـتر هەڵدەکشێ و دەگاتە ڕێژەی (٧٠٪) پاشان ئەم ڕێژەیــە لـەلای نیگــارکێش و مۆســیقی و پیــاوانی سیاســەتدا دادەبەزێ و دەگاتە (٣٠٪)، ئێمە ناتوانین ژمارەی ئەو شـاعیرو ڕۆماننووسـانە بژمـێرین کـە دوچـاری شـێتی یان نەخۆشیی عەقڵی بوونە، بـەڵام ئەمـە داهێنـان و

مـەزنی و بلیمـەتییان نـەفی ناکاتـەوە. کـەس ناتوانـێ نکوڵی لە مەزنیی شیعرەکانی جـیرار دونێرڤـال بکـات هـەر لەبەرئـەوەی شـێت بـووە یـان خــۆی کوشــتووە. کـەس گومـانی لـە بلیمـەتیی موپاسـان نییـە جابـا لـە نەخۆشخانەی ئەقڵیدا کۆچی دوایـی کردبێـت. کـەس ناتوانێ بڵێ نیچە فەیلەسووفێکی گەورە نەبووە هـەر لەبەرئـەوەی دە سـاڵی کۆتـایی ژیـانی لـەنێو دەریـای شێتیدا بەسەربردووە. لە مێژوودا ڕۆماننووسێکی لـە دیستویفسـکی مــەزنتر نــابینین ئەگــەرچی تووشــی فێلێهاتن ببوو.

فرۆیــد وایدەبینـــێ داهێنـــان بریتییـــە لـــە قەرەبوکردنـەوەی ناتەواوییـەك یـان کەموکورتییـەك لـە کەسـایەتیدا. ئەگـەر ئـەو ناتەواوییـە نەبوایـە داهێنەر داهێنانی گەورەی نەدەکرد. مرۆڤێك لەگـەڵ خۆیداو لەگەڵ واقیعی دەرەوەدا هەمیشە لە ئاشتی و تەباییدا بێت پێویستیی بەوە نییە ببێت بە بلیمەت، گـەورەترین بەڵگـەش بـۆ ئەمـە فرۆیـد خۆیـەتی کـە دوچـاری نـێرۆس ببـوو، ئـەم نەخۆشــییەی لـە کـۆڵ نەبووەوە تا ئەودەمەی توانی ئەو کیشـوەرە تـاریك و گەوەرەیـە کەشـف بکـات: واتــە کیشـوەری نائاگـایی. گومانی تیا نییە کە دۆزینەوەو یان داهێنـان بلیمـەت دەربـاز دەکـات یـان هاوســەنگیی بــۆ دەگەڕێنێتــەوە.

کیرکیگۆردی فەیلەسووف، کـە لـە ڕووی دەروونییـەوە زۆر ئالۆز بـوو، دەڵـێ: "نەخۆشـی هۆکـاری بنـەڕەتیی هـەموو داهێنانێکـە، هـەر بـە داهێنـانیش ئـازار و خەمەکانم دەرەوێنمـەوەو سـەلامەتی و تەندروسـتیی خۆم بەدەست دەهێنمـەوە". لـە ڕاسـتیدا ئـەم وشـانە هـی (هینـی)ی شـاعیرن بـەڵام کـیرکیگۆرد و هـەروەها فرۆیدیش لەویان خواستووە. ڕیلکە دانی بەوەدا دەنـا کـە تەنـها لـە میـانی ئـازاری دەروونـی و دڵـەڕاوکێوە قەسـیدەی دەنووسـی، یـەك قەسـیدەی بـەبێ ئـەو عەزابـە دەروونییـە نەنووسـیوە. وەك دەزانـرێ ئـەو گـرێ دەروونییـەی هـەر لـە منداڵییـەوە تیـایدا ماوەتەوە هەمیشە بە دوایەوە بووەو تەنها لە ڕێگـەی داهێنانـەوە بـۆ ماوەیـەك خـۆی لێ ڕزگـارکردووەو لـە دوای کـاری داهێنـانیش یەکسـەر تیـایدا ڕسـکاوەتەوە. بـەمجۆرە هەمیشـە لـە میـانی ناهاوسـەنگییەوە هاوسـەنگیی خـۆی بەدەسـتهێناوەتەوە، یـان بڵـێ بـەردەوام هەستیدەکرد لـە کـەناری داڕوخانێکدایـەو لەهـەر ساتەوەختێکدا بـێ بەردەبێتـەوە، ناچـاربوو هەموو جارێ چرکەساتی شێتبوون دوابخات. ڕامبۆش دیسـان لـە کـەناری شـێتبوونەوە دەینووسـی، بـە مەبەستەوە بەرەو شێتی دەچوو، شـەیدای ئـەو خاڵـە پەنـهان و پـڕ لـە نهێنییـە بـوو کـە ڕۆچونـە نێـو

قوولاییە بێکۆتاییەکانەوە، ئەو خاڵەی هیچ شاعیرێ ناتوانێ پێی بگات تەنها ئەگەر سەرکێشی بکات و لە ناوچەی خەتەری گەورە نزیك بێتەوە، ئینجا لەوێوە قەسیدە بلیمەتەکانی لەدایك دەبوون.

سارتەر دانی بەوەدا ناوە کە تەنها لە ڕێگەی نووسینەوە لە نێرۆسی ڕزگاری بووە، نووسین شێتبوونی ناوخۆیی دەمژێ و یارمەتیی نووسەر دەدات بۆ دەربازبوون لێی یان لانیکەم کەمکردنەوەی، بە تایبەتی ئەگەر لە داهێنانێکی ڕاستەقینەدا سەرکەوتوو بێت. لە ڕاستیدا هیچ هونەرمەندێکی ڕاستەقینە نییە بەدەست نەخۆشییەکەوە نەناڵێنێت یان گرفتاری کێشەیەکی تایبەتی نەبێت.

نەخۆشی ئەو دەرزییەیە لە نووسەر دەدرێ و بەرەو پرۆسەی داهێنان پاڵی پێوە دەنێت، پاشان نابێ نووسەر لە گرێیەکی دەروونیی دیاریکراو سڵ بکاتەوە کە تووشی دەبێت یان نابێ لە برینە ناوەکییەکانی خۆی بترسێ تەنانەت ئەگەر کەسانی تریش ئیستیغلالی بکەن، لەوانەیە ئەو برینە تاکە گەوهەرێکی نووسەرەکە بێت، بەهەرحاڵ ئەو برینە-گەوهەرە سەرچاوەی بلیمەتی و نهێنیی داهێنانەکەی پێکدەهێنێ.

## پەراوێزەکان

١-وەك دەزانــرێ فۆکــۆ کتێبــە ناودارەکــەی (مێـــژووی دێوانــەیی یــان شــێتی لــە ســەردەمی کلاســیکیدا) بــە ستایشێکی گەرم بۆ شێتی کۆتایی پێهێنا. داوای لـە عـەقڵ کـرد لــە بــەردەم دادگــای شــێتیدا ئامــادەبێت، نــەك بــە پێچەوانەوە. دەبێ شێتبوونی هۆڵدەرلین و ئارتۆو نیچە دادگایی عەقڵی خۆرئاوایی بکەن، عـەقڵی خۆرئـاوایی بـە هیـچ جۆرێ مـافی ئـەوەی نییـە دادگـایی شێتبوونی ئـەو بلیمەتانــە بکـات و بــۆ ئاســتی "عــەقڵی ئــەو شــێتانە" بەرزبێتـەوە. بڕوانــە لاپــەڕەکانی کۆتــایی ئــەم کتێبــەی میشێل فۆکۆ *Michel Foucault, Histoire de la folie apage classique. Gallimard 1972.*

٢-لە ئامادەکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بە زۆری پشتم بەم سەرچاوەیە بەستووە کە بەم دواییە لە پاریس چاپکراوە: فیلیـپ برینــۆ-بلیمــەتی و شــێتی- بڵاوکراوەکــانی پلــۆن- پاریس ١٩٩٧.

*Philippe Brenot: Le et la folie, Pion, Paris 1997.*

ئەو وتەیەی ئەندرێ مۆرۆ لە لاپەڕە (٩)ی پێشەکیی ئـەو کتێبەدا هاتووە.

٣-سەرچاوەی پێشوو- ل ١٣.

٤-بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی ئەو سێ خەونەی دیکارت لەو شەوە ناودارەدا، بڕوانە: جینیڤیێڤ ڕۆدیس لویس- بیۆگرافیای دیکارت، بڵاوکراوەکانی ئالمان لێڤی، پاریس ١٩٩٥. ل ٦٣ و لاپەڕەکانی دواتر.

*Genevieve Rodis – Lewis: Descartes.*

*Biographie. Alman levy, Paris 1995.*

٥-بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٢) لاپەڕە (٤٥).

٦-بڕوانە بیۆگرافیای بەلزاك: پاریس ١٩٩٥.

*Henri Troyat: Balzac. Flam marion. Paris 1995.*

٧-بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٢) لاپەڕە (٥٢).

٨-هەمان سەرچاوە- ل ١٢٠.

٩-هەمان سەرچاوە- ل ١٢١.

## سەرچاوە

لە ئینتەرنێتەوە- گۆڤاری (نزوی) ژمارە (٢٠) ساڵی (٢٠٠١).

## ڕۆڵی ئافرەت لە ژیانی بلیمەتاندا

لەم دواییەدا کتێبێك لە پاریس چاپکرا لەبارەی ڕۆڵی ژن لە بزواندنی پرۆسەی داهێنان لەلای پیاوی بەهرەدار و بە تایبەتیش لەلای بلیمەتان.

دەتوانین بڵێین بلیمەتان بە گشتی دوو هەڵوێستی جیاوازیان لە بەرامبەر ئافرەتدا هەیە: یان بایەخێکی زۆری پێدەدەن یانیش بە تەواوی فەرامۆشی دەکەن، چونکە بلیمەتان بە پێچەوانەی خەڵکانی ئاساییەوە لە هەڵوێستیاندا پەڕگیرن. ئەگەر سەرنج لە ژیانی گەورە فەیلەسووفانی وەکو دیکارت یان کانت بدەین، دەبینین ژن دەورێکی ئەوتۆی لە ژیانیاندا نەبووە شایستەی لێدوان بێت. دیکارت ژنێکی ئاسایی هێنا کە پتر لە خزمەتکار دەچوو و لە ژیانی فیکرییدا هیچ ڕۆڵێکی نەبووە. بەڵام جان جاك ڕۆسۆ بە درێژایی ژیانی لەگەڵ ئافرەتێکدا ژیاوە خۆشی نەویستووە، ئافرەتێکی دیکەی خۆشویستووە بۆ یەك ڕۆژیش لەگەڵیدا نەژیاوەو

بگره دەستیشی لێنەداوە.. ئیمانۆیل کانت پەیوەندیی لەگەڵ هیچ ئافرەتێکدا نەبووەو هەموو ژیانی خۆی تەرخان کردبوو بۆ گەلاڵەکردنی ئەو فەلسەفەیەی بۆ ماوەی دوو سەدەو بگرە تا ئەمڕۆش کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر عەقڵی خۆرئاواییدا هەبووە.

دەڵێن جارێکیان کانت ئافرەتێکی مارە کردو پاشان سەرقاڵی نووسینی یەکێ لە گرنگترین کتێبەکانی بوو و دەزگیرانەکەی بیرچۆوە، کاتێکیش بیری کەوتەوەو ویستی بگەڕێتەوە بۆ لای، کەچی ئەو ماوەیەکی زۆر بوو شووی بە یەکێکی تر کردبوو و چەند منداڵێکیشی ببوو. کانت لە تەمەنی چل ساڵی و دواتریشدا زۆر ناودار بوو بەڵام ناخۆشترین و موحریجترین پرسیار کە زوو زوو خەڵکی ئاراستەیان دەکرد، ئەوە بوو: مامۆستا کانت بۆچی ژنت نەهێناوە؟ ئەویش زۆرجار بەو جۆرە وەڵامی دەدانەوە: ئەوکاتەی گەنج بووم هەژار بووم و نەمدەتوانی ئەرکەکانی ژنهێنان و ماڵ بەڕێوەبردن و بەرپرسیاریی خێزان لە ئەستۆ بگرم، کاتێکیش بوومە کەسێکی ناودار و توانای ئەو کارەم هەبوو، ئارەزووم لە ژنهێنان نەماو تەمەنم بەسەرچوو و شەمەندەفەرەکە جێیهێشتم.

بەڵام لەبارەی پەیوەندیی شاعیران و هونەمەندان بە ئافرەتەوە، ئەوا باسەکە درێژەو پڕە لە بەسەرهاتی سەیروسەمەرە.. لە ڕاستیدا بە دەگمەن ژیانی شاعیرێك خاڵیدەبێت لە ئەوین و خۆشەویستییەکی شێتانە، زۆرجاریش ئەو ئەوینە ڕۆڵێکی گەورە لە بەهرەی شاعیر و لە توانای داهێنانیدا دەگێڕێ.. بۆ نموونە بەسەرهاتی ریلکە لەگەڵ "لواندریا سالومی"ی کچە ڕووسییە قەشەنگە ئەویندارەکەی کە پێشتر عەقڵی نیچەی داگیرکردبوو، ریلکە تەمەنی بیست ساڵ بوو کاتێ سالۆمیی ناسی، سالومیش ژنێکی خانەدان و پێگەیشتوو بوو و تەمەنی چل ساڵ بوو، ئەم ژنە توانی گڕێ دەروونییە بنجداکوتاوەکەی ریلکە بکاتەوەو وەکو ئاگر بلیمەتییەکەی دابگیرسێنێ.

لێرەدا چیرۆکی بەسەرهاتی "ئەلفرید دی موسیە" دەگێڕینەوە لەگەڵ ژنە نووسەری ناودار و سەربەخۆ کە بەناوێکی پیاوانەوە (جۆرج ساند) دەینووسی. دی موسیە ئەوی ئێجگار زۆر خۆشدەویست و ئەویش لە سەرەتادا موسیەی خۆشدەویست بەڵام دواتر هەر خێرا وازی لەم هێناو پیاوێکی تری خۆش ویست و دڵی ئەمی بە برینداری جێهێشت. موسیە بە درێژایی شەو تا بەرەبەیان

چاوەڕێی دەكرد بەڵكو ئەمە خوایە بگەڕێتەوە بۆ لای، بە درێژایی چەندین كاتژمێر بە حەسرەت و ئازارەوە دەتلایەوەو لەو دەمانەدا دەستی كرد بە نووسینی جوانترین شیعرە ڕۆمانسییەكانی سەدەی نۆزدەهەمی فەرەنسا بە ناونیشانی "شەوانی موسیە". لە ڕاستیدا ئازاری ئەوین و خۆشەویستی بۆ هونەرمەند سوودبەخشە، بگرە دەشێت سەركەوتن لە ئەویندا مەترسییەكی گەورە بێت بۆ داهێنانی نوسەر، دەكرێ تا بێكۆتایی لەبارەی ئەم بابەتە ئالۆزو فرە لق و قووڵەوە قسەبكەین، بەلام با ئێستا كەمێك لەسەر ئەو كتێبە نوێیە بووەستین كە لە سەرەتادا ئاماژەم پێدا.

دانەری ئەم كتێبە دوو كەس، یەكێكیان مێژوونووس و ڕۆماننووسێكی فەرەنسییە، ئەویدییان نووسەر و دیبلۆماسییەكی ڕووسییە. ئەم دوو نووسەرە بابەتگەلێكی گرنگیان لەبارەی ئەو ئافرەتە ڕووسییانە كۆكردەوە كە لە پاش شۆڕشی بۆلشەڤیزم و كەمێك بەر لەو شۆڕشەش بەرەو فەرەنسە كۆچیان كرد و بە دوای دڵنیایی و ئارامیدا دەگەڕان، هەروەها بە دوای ئەوین و نێوبانگی و بلیمەتاندا دەگەڕان. لە دوای ڕووخانی كومونیزم ئەرشیفەكانی ڕووسیا لە بەردەمی ئەم دوو

نووسەرەدا کرانەوەو دواتر توانیان بگەنە ئەرشیفەکانی *K.G.B* کە پڕن لە زانیاریی گرنگ لەبارەی چەندین کەسایەتیی ناودار لە هونەرمەندان و نووسەران و شاعیران و فەیلەسووفان و ژنە هەستبزوێن و سەنجڕاکێشەکان. ژمارەیەك لەو ژنە جوانانە دەورێکی سیاسی و بگرە هەواڵگری (موخابەراتی)یان لە بەرژەوەندیی هەواڵگریی سۆڤیێتییدا هەبووە. لای هەمووان ئاشکرایە "ئیلزا" کە دڵ و عەقڵی "ئەراگۆن"ی وێران کردبوو، لە لایەن دەسەڵاتدارانی فەرەنساوە بەوە تاوانبار کرابوو کە بەکرێگیراوی ڕووسیایە. لە واقیعدا ئیلزا مێردەکەی (ئەراگۆن)ی هێنایە نێو ڕیزەکانی حزبی شیوعیی فەڕەنسی و هەر ئەویش وای لێکرد ئیمزا لەسەر بەیاننامەی پشتگیریی بلۆکی سۆڤیێتیدا بکات لە سەردەمی جۆزیف ستالیندا. بەڵێ خۆشەویستی پیاو کوێر و کەڕ دەکات!... ئەوەی کە پتر سەرنجی هەردوو نووسەری ئەو کتێبە ڕادەکێشێ بریتییە لەوەی کە زۆربەی داهێنەرە گەورەکانی فەرەنسە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە ڕووی سۆزدارییەوە هۆگر و شەیدای ژن و کچە ڕووسییەکان بوون. بۆ نموونە (ئۆلڤا) کە شووی بە (پیکاسۆ) کرد، هەروەها (گالا) کە بەرلەوەی بکەوێتە نێو داوی (سلڤادۆر

دالی)یەوە، پۆل ئێلواری خۆشدەویست، چیرۆکی ئیلزاو ئـــەراگۆنیش زۆر ئاشـــکرایەو ئـــەراگۆن دیوانێکـــی شیعریی گەورەی بۆ نووسی بەناوی (شێتی ئیلزا) یان (دێوانـــەی ئیلـــزا) و چـــیرۆکی ئـــەم دوو عاشـــقە لـــە نـــاوەندە ئەدەبییـــەکاندا زۆر بـــە ناوبانگـــە بـــە ئەندازەیـــەك دەتوانـــین لـــە ئـــەدەبی عـــەرەبیدا بـــە مەجنونی لەیلا (یان شێتی لەیلا) بـەراوردی بکـەین. (لیدیـا)ی قەشـــەنگ ئیلـــهامی بـــە تـــابلۆ جوانـــەکانی هونەرمـــەندی نـــاودار (مـــاتیس) بەخشـــی، هـــەروەها (مایا) کە بەڕادەیەك دڵـی (ڕۆمـان ڕۆلان)ی زەوتکـرد بەبێ دوودڵی لایەنگری و ملکەچیی خۆی بۆ ستالین ڕاگـــەیاند! پاشـــان نـــابێت ســـەرکردەی وجودییـــەکان (جان پۆل سـارتر) لـە بـیر بکـەین، ئـەم فەیلەسـووفە سەرکێشـییەکی زۆری لەگـــەڵ ئافرەتـــاندا هـــەبووە، لەوانە چیرۆکی خۆشەویستییەکی نهێنی لەگەڵ ژنـە ڕووسییەکی عەقڵفڕێن کە نـاوی (لینـا زونینـا) بـوو. سارتەر کتێبە ناودارەکەی بە ناوی "وشەکان" کە لە بیۆگرافیا دەچێت، پێشکەش بەو کردووە، بەڵام تەنها پیتـی یەکـەمی ناوەکـەی نووسـیوە لـە ترسـی ئـــەوەی تووڕەیی سـیمۆن دی بۆڤـواری بەسـەردا نـەڕژێت. لـە لاپەڕەی یەکـەمی کتێبەکـەیداو لـە پێشکەشـکردنێکی کورت و تەماویدا نووسیویەتی: "پێشکەشە بە خاتوو

-ز-" و ئیــدی زۆر کــەس و هــەروەها چــەندین ڕەخنەگر بە دوای تەفسیرکردنی پتیی (ز)ەوە بوون و دەیانویست بزانن ئەم پیتە هێمایە بۆ چ کەسێك بێئەوەی بگەنە ئەنجامێك، چونکە سارتەر لەوەدا سەرکەوتوو بوو کە ئەو پەیوەندییە بە نهێنی بهێڵێتەوە، تەنها لەسەر کەنارەکانی دەریای بەلتیکدا چاوی بە ئەویندارەکەی دەکەوت و لەوێدا ژوانیان دادەنا، هەندێجاریش کە سەردانیی مۆسکۆی دەکرد لەوێ لە گۆشە نادیارو شوێنە ناگشتییەکاندا دیدەنیی یەکتریان دەکرد.

با لێرەدا بە درێژی لەسەر دوو پەیوەندیی خۆشەویستی بووەستین: یەکەمیان پەیوەندی (گالا) بە (پۆل ئێلوار) و پاشان بە (سلڤادۆر دالی). دووەمیشیان پەیوەندیی (ئیلزا) بە (ئەراگۆن)ەوە.

کاتێك گالا لە ساڵی (١٩١٨)دا گەیشتە پاریس تا شوو بە پۆل ئێلوار بکات و تا هەتایە لە فەرەنسەدا جێگیر بێت، فەرەنسا تازە لە شەڕێکی وێرانکەر دەرچوو بوو و شەڕی یەکەمی جیهانیش بە "جەنگی گەورە" یان بە قەسابخانەی گەورە دادەنرا. ئێلوار بەشداریی لەو جەنگەدا کردبوو و بە جلوبەرگی سەربازییەوە چووە کڵێسە بۆ ئەوەی ئەو کچە

ڕووسییه بخوازێـت کـه زۆری خۆشدەویسـت، بـەڵام ئێلـوار وەکـو سـەرجەمی ڕۆڵـەکانی نەوەکـەی بـە دەروونێکی شکست و وێرانەوە لـەو جەنگـە ترسـناکە هاتـە دەرێ، بـە دەگمـەن مـاڵێکی فەرەنسـی هـەبوو کەسێکی کوژراو یـان ونبـوو یـان بریندارییـان نـەبێت. دەشێت بڵێین بزووتنەوەی سوریالیزمی فەرەنسی کـە ئـەندرێ بریتـۆن ڕێبەرایـەتیی دەکـرد بریتیبـوو لـە کاردانەوەی تراژیدیاکانی ئەو جەنگـە. لـەو دەمەشـدا لاوانـی فەرەنسـی دەیانویسـت هەناسـەیەك بـدەن و دەروونـی خۆیـان کـەمێك ئاسـوودە بکـەن و کارەسـاتەکانی جـەنگیان بـیر بچێتـەوە و دیمەنـە قێزەونـەکانی گۆڕەپـانی جـەنگ لـەبیر بکـەین، ئیـدی هەندێ لـەو لاوانـە شـتێکی وایـان لەبـەردەمدا نـەبوو جگە لە خۆ خزاندنە نێو بزووتنەوەیـەکی هونـەریی سور سالیستیی ئازادو ڕزگاریخواز، هونەرمەند -شاعیر بێ یـان ئـەدیب یـان ڕۆمـاننووس- بـۆی ڕەخسـا لـەو بزووتنەوەیـەدا کـەمێك خـۆی لـەبیر بچێتـەوەو بکەوێتـە نـاو دنیـای خەونـەوەو لـە واقیعـەوە بـەرەو سـەرووی واقیـع بەرزبێتـەوە (ئەمـەش مانـای فەرهـەنگیی زاراوەی سـوریالیزمە). سـوریالیزم پێداویستییەکی مێژوویی بەدیهێنا چونکە لە کاتێکی گونجـاودا هـات و یارمـەتیی داهێنـەرە

فەرەنسییەکانیدا لە کاریگەریی مەینەتییەکانی جەنگ و لە ئاسەواری دۆزەخە بێڕەحمەکەی جەنگ ڕزگاریان بێت، بەمجۆرە ئاسۆیەکی تریان بۆ وزەو تواناکانی خۆیان کردەوەو ڕێگەیەکیان بۆ تەقاندنەوەی وزەو داهێنانەکانیان دۆزییەوە تا چۆنی بوێت و بەهەر ئاراستەیەکدا بێت بە شێوەیەکی ڕەها تەعبیر لە خۆی بکات. هەروەها بوارێکی فراوانیان بۆ ئازادکردنی زمان کردەوە، واتە زمانیان لە مانا قاموسیەکەی دەرهێنا بۆ ئەوەی مانای دیکەو تەعبیری دیکە لەخۆ بگرێ و چوارچێوەکانی خۆی بشکێنێ. ڕێگەیان بە زمان دا سنوورەکانی خۆی ببەزێنێ و نەك تەنها گوزارشت لە مانا بکات بەڵکو گوزارشت لە ناماناو بێهوودەیی و ناماقووڵیش بکات. پێیان وابوو ڕیالیزمی ڕاستەقینە بریتییە لە ناڕیالیزم، ئایا جەنگ واقعییە یان ماقووڵە و مانایەکی هەیە؟ ئایا دەکرێ بە زمانێکی لۆجیکی و فەرهەنگی و موحافیزکاری گوزارشت لە بێهودەیی جەنگ بکرێ؟ ئەی نابێ هونەر بە زمانێکی زۆر شێتانە تەعبیر لە شێتیی واقیع بکات؟ لێرەوە بابەتی تەقاندنەوەی زمانیش سەریهەڵدا کە لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا گەیشتە ناو گۆڕەپانی شیعری نوێی ئێمەوە. ئەمانە بەشێك لەو

هۆكارو پاڵنەرە قووڵانە بوون كە بوونە مایەی دەركەوتنی بزاوتی سوریالیزم لە بیستەكانی سەدەی بیستەمدا، پاشان گەورەتر و فراوانتر بۆوە تا بوو بە بزووتنەوەیەكی هونەریی زۆر گەورەی جیهانی وەك زۆربەی ئەو بزووتنەوە ڕەسەنانەی لە پایتەختی ڕووناكی و ئازادییەوە (واتە پاریس) سەریانهەڵداو لەوێوە دەستیان پێكردو پاشان لە سەرانسەری ئەدەب و فیكری جیهانیدا بڵاوبوونەوە.

بەهەرحاڵ، وتمان گالا بووە ئیلهامێكی گەورە بۆ پۆل ئێلوار كە لە قەسیدەیەكدا بەناوی "گۆرانییەك بۆ گالا" دەڵێ:

جگە لە گالا كەسی دیكەم خۆش نەویستووە
نكوڵی لە سەرجەمی ئافرەتان دەكەم و
بۆتی دووپات دەكەمەوە
لە دنیادا جگە لە گالا كەسی دیكەم نەدۆزیوەتەوە
گالا، كە ئارەزوویەكی كەمم لە ژیان پێدەبەخشێ
ئارەزوویەكی زۆریش بۆ مەرگ

بەمجۆرە ئێلوار و گالا چوونە نێو بازنەی سوریالیستەكانەوەو چوونە ڕیزی ئەندرێ بریتۆن و لویس ئەراگۆن و فیلیپ سۆپۆ و ڕینێ شار و ئەوانیدی. بەمجۆرەو بزاوتی سوریالیزم بوو بە

پێشـەنگی داهێنـانێکی ڕووناکبـیری لـە فەرەنسـەی بیسـتەکانی سـەدەی بیسـتەمدا، ئـەو بزووتنـەوە پێشـەنگەی دەیویسـت "ژیـان بگۆڕێـت"، ئـەندرێ بریتۆنیـش وەك سـەرۆکی بزووتنەوەیـەك یـان وەك "سـەرکردەی چەتـەکان" ڕەفتـاری دەکـرد، گـەڕەکی مونبارنـاس لـە پاریسـدا بـە هـەموو گـازینۆو قاوەخانەکانییـەوە بـوو بـە پایتـەختی ئـەو بزاوتـە نوێیەی دەیویست هەموو جیهان داگیر بکات.

دواجـار گـالا بەدەسـت دڵـەڕاوکێ و سـەرچڵی و شێتییە سـوریالیامێزەکەی پـۆل ئێلـوارەوە شـەکەت و مـاندوو بـوو و تاقـەتی چـوو و لـەوەش زیـاتر ئەوینەکەشیان شـەکەتبوو، ئـەوین لـە سـەرەتادا وەك زریـان بـەهێزو وزەیـەکی زۆرەوە دەسـت پێدەکـات و پاشـان وردە وردە بـە تێپـەڕبوونی ڕۆژگـارو سـاڵەکان خاو دەبێتـەوەو ئـەو سـۆزە هـەڵچووەی لـە ساتەکانی یەکەمیدا هەیبووە خاودەبێتەوە.

هـەموو ئـەوینێکی گـڕدارو هـەموو خۆشەویستییەکی سۆزبەخش کە دەگاتـە ئـەنجامێکی ئیجابی یـان بـابڵێین کـە دەگاتـە دوا مـەنزڵی خـۆی ئیـدی دادەمرکێتـەوەو خامۆشـدەبێ. ئەمـە سـوننەتی ژیانـەو سروشـتی شـتەکان بـەو جۆرەیـە کـە لەیـەك ئاست و یەك وەتیرەدا نامێنێتـەوە، تەنـها حیرمـان و

بێبەشی وا لە پشکۆ گەشداگیرساوەکانی ئەوین دەکات بەردەوام تەحەدای زەمەن بکات، بەڵام پێکگەیشتن و بە تایبەتیش پێکەوە ژیانێکی ئەبەدی و هەمیشەیی دەبێتە مایەی کزبوون و خامۆشیی پشکۆکانی سۆزو خۆشەویستی و بگرە دەشێت ببێتە مایەی سیسبوون و هەڵوەرینی گەڵا سەوزەکانی ئەوین. دەتوانین بڵێین ئەوین -بەداخەوە- لەو گوڵە دڵفڕێن و جوانانە دەچێت دواجار لە چرکەساتێکدا سیسدەبێت.. بەمجۆرە پەیوەندیی خۆشەویستی نێوان گالا و پۆل ئێلوار لە دوای ساڵانێکی دوورودرێژی پڕ لە سۆزو ئاوێزان و ژوان و هەروەها ناکۆکی و لێکزیزبوون و موفارەقە سەیرەکانی تری خۆشەویستی، دوچاری ساردی و شپرزەیی و کۆتایی پێهات. ئیدی ئەو ژنە ڕووسییە قەشەنگە لە قووڵاییدا بە دوای پەیوەندییەکی تازەدا دەگەڕا، یان بە جۆرێکی تر بە دوای بلیمەتێکی تردا دەگەڕا تا کەوتە سەر کەسێکی دیکە کە لە بلیمەتی و شێتیدا وەکو ئێلوار وابوو ئەگەر زیاتریش نەبووبێ، ئەو بلیمەتە شێتەش: (سلڤادۆر دالی) بوو.. بەڵام دالی لەو دەمەدا بەو ڕادەیە ناسراو و ناودار نەبوو وەك ئێستا دەیناسین، بەڵکو لاوێکی لات و داماو بوو و تەمەنی لە بیست و پێنج ساڵیدا بوو، هاتە پاریس بە دوای ئیلهام و

نێوبانگ و هەروەها دەوڵەمەندیشدا دەگەڕا، ئەوکاتـە گـەنجێکی نـــەدارو هــەژار بــوو و وەك هاوڕێکــانی دەیـانووت لــە دووریــی ســەدان کیلۆمــەترەوە بۆنــی هەژاری و دەستەنگیی لێدەهات. ئـەو لـە ئیسـپانیاوە هات و وەکو کوڕە ئیسپانییەك بەبێ پـارەو پـوول بـە درێـــژی و پـــانیی شـــەقامەکاندا دەســـووڕایەوەو کۆڵانــەکانی پاریســی دەکوتــا، بـــەڵام بلیمەتییــەکی شـاراوەو چـەپێنراوی لـە نـاخی خۆیـدا هـەڵگرتبوو. ئیدی گالا هات و چووە نـاو ژیانیـەوە تـا بیهـەژێنێ و بڵێسـەی بلیمەتییەکـەی دابگیرسێنێ. کاتـێ لـەو ژنـە ڕووسـییە شۆخوشـەنگەیان پرسـی: بۆچـی لــەناو کوڕانـی پاریسدا ئـەو گەنجـە هـەژار و بێدەرامەتــەت هەڵبژاردووە، لـە وەڵامـدا وتـی: "لەبەرئـەوەی دەزانم ئـەم گەنجـە لات و هـەژارە، بلیمەتـە"، گالا هـەروەکو ئیلـزاو وەکــو ژنــە شۆخوشــەنگە ڕووســییەکانی تــر خواســتێکی گــەورەی هــەبوو و بــەدوای نێوبــانگ و بلیمەتیدا دەگەڕا. واتە ئەو بە تەنها بـە هـۆی شـەڕی ناوخۆو شۆڕشی بۆلشەڤیزمەوە وڵات و خێزانی خۆی جێنەهێشتبوو، بەڵکو دەیویست خودی خۆیشی دابین بکات و کارێکی گەورە بکات کە قەرەبووی نیشتمان و کەسوکارو ئـازیزانی بـۆ بکاتـەوە. بـەمجۆرە گــالا بــە درێژایــی ســاڵانێکی ســـەخت و ناهـــەموار یـــاوەریی

سـالڤادۆر دالی کـردو لەگـەڵیدا ژیـا، هـەوڵیدا دالی بهێنێتـە نێـو ڕیزەکـانی سـوریالیزم و هـەوڵ و کۆششێکی زۆریشی دا بۆ ئـەوەی ئـەندرێ بریتـۆن ڕازی بکـات. بـەمجۆرە دالی چـووە پـاڵ سوریالیستەکانەوەو لەتەك دەرهێنـەرێکی سینەمایی مـەزنی بـە ڕەسـەن ئیسـپانی بـە نـاوی (بۆنۆیـل) کۆمـەڵێ کـارو بەرهـەمی گرنگـی پێشکەشـکردن. دالی وردە وردە ترسی موزمینی لە هەژاری ڕەوییـەوەو لـە دواییـدا بـووە کەسـێکی نـاودار و بگـرە بـوو بـە دەوڵەمـەندترین هونەرمـەند لـە جیهاندا کـە هێشـتا تەمـەنی لـە سـی و پێنـج سـاڵی تێنەپـەڕاندبوو، تابلۆکـانی لـە پـاریس و نیویـۆرك و پایتەختـە جیهانییەکانی تردا بە سەدان هەزار دۆلار دەفرۆشرا، کـاتێکیش گەیشـتە خواسـت و ئامـانج و نیازەکـانی خۆی، ئیدی شێتانە هەڵسوکەوتی دەکـرد و ڕەفتـاری نـامۆ و پەرگیرانـەی دەنوانـد، ئـەم شـێتییەی دالی گەیشتە ئاستێك ستایشی هیتلەرو فرانکۆ بکات. ئەوە بوو لە دواییدا ئـەندرێ بریتـۆن زۆر بـە توونـدی لـە گرووپی سوریالیزم دەریکرد.

## ئەراگۆن له چاوەکانی ئیلزادا

ئەراگۆن کەی بۆ یەکەمین جار ئیلزای بینی؟ یان به جۆرێکی تر: ئیلزا کەی ئەراگۆنی ناسی؟ چونکه له ڕاستیدا ئیلزا به دوای ئەراگۆندا دەگەڕاو دوای دەکەوت و دەیویست له نزیکەوە ئاشنای بێت. ئەراگۆن ئەو دەمه له هەرەتی لاویدا بوو و وەك شاعیرێکی باش دەناسرا و بگره میری شاعیران بوو.

گەنجێکی قۆزی بالآبەرز بوو و له هەموو لایەکەوە کچی بۆ دەباری و بەردەوام چەند کچێکی لەدەور بوو، بۆیه ئاسان نەبوو بۆ کچێکی ڕووسیی کۆچکردوو (واته ئیلزا) بەنێو ئەو هەموو کچانەدا تێپەڕێ و بگاته ئەراگۆن و دڵی داگیر بکات، سەرباری ئەوەی ئەراگۆن ماوەیەکی زۆر نەبوو له چیرۆکی ئەوینێکی گەورە هاتبووە دەرێ لەگەڵ ژنێکی ناوداری ئەمریکی بەناوی (نانسی کونار)، بێگومان ئەوینی یەکەمیش یان ئەوینی پێشووتر وا به ئاسانی له دڵ دەرناچێ و دەشێت ئازارو خەمەکانی ئەو ماوەیەی نێوان ئەوینێك و ئەوینێکی تر زۆر یان کەم بێت، دەشێت ماوەی نێوان دوو ئەوین کورتخایەن بێت یان به پێچەوانەوە درێژە بکێشێت و زۆرجاریش برینی گەورە له دوای خۆی جێدەهێڵێت. خۆشەویستیی گەورە دەگەمەنە و نرخێکی گرانیشی

دەوێت. خۆشەویستی، بە پێچەوانەی تێگەیشتنی زۆر کەس، مەسەلەیەکی ترسناکە.

ڕاستە لە سەرەتادا تامی هەنگوین دەدا، بەڵام دەشێت لە کۆتاییدا وەك ژەهر تاڵبێت. لێرەدا ژمارەیەکی زۆر لە شاعیران و هونەرمەندان هەن لە پێناوی خۆشەویستیدا خۆیان کوشتووە. بەڵام ئەراگۆنی قۆزو لاو و بەهرەدار و بە فیز مومکین نییە وا بە ئاسانی لەگەڵ یەکەم نیگاو یەکەم گورزدا بکەوێ و تەسلیم بێت، چونکە دوارۆژێکی پرشنگداری لە پێشدایەو هەلێکی زۆریشی لەبەردەستە. کێ چوزانێ؟ خۆشەویستی لەناکاو دێت، دێت و نازانین لە کوێوە دێت، تا ئەگەر بشزانین، بەڵام زۆربەی جار نازانین چۆن و کەی و لە کوێوە دێت. خۆشەویستی وەختێ دێت خۆی دەیەوێ و خۆی هەڵیدەبژێرێت، لە غەفڵەتێکدا دێت کە لەوانەیە نەمانەوێت یان هەرگیز لە چاوەڕوانییدا نەبووبین. بەڵام کە دێت وەك شایەکی تاج بەسەر خۆی دەسەپێنێ و بێ هیچ قسەو موناقەشەیەك ناخ و زەینت داگیر دەکات.

لە ئێوارەیەکی جواندا، لە یەکێ لە دڵگیرترین قاوەخانەکانی پاریسدا کە دەکەوێتە ڕێگەی نێوان مونبارناس و بۆرو رۆیال، ئەراگۆن لەگەڵ ئەویندا

ژوانـــی هـــەبوو، لەگـــەڵ گـــەورەترین چـــیرۆکی خۆشەویستیی ژیـانی ئاشـنابوو. کاتـێ ئـەراگۆن پێـی نایە قاوەخانەی "لاکلوزری دی لیـلا" (واتـە بێستانی شەوی نووتەك)، ئیلزا تریولیە لەسەر کورسییەك بە ویقارەوە دانیشتبوو وەك بڵێی چاوەڕێی ئـەو بکـات. لە ڕاستیدا دیدەنیی ئـەم جووتـە بـە ڕێکـەوت بـوو و پێشتر هیچ تەرتیباتێکی بۆ نـەکرابوو، بـەڵام لـەوەش دەچوو چەندین ساڵ بووبـێ خۆیـان بـۆ ئـەم ژوان و دیدارە حازرکردبێت.

لـێرەدا ژوانـی نـهێنی هەیـەو بێئـەوەی پێـبزانین دروست دەبێت و لە دەرەوەی ئیرادەی ئێمەوە دێـت و هـەندێجار لـەوە دەچێت کـە لـە ژوانـی ڕاسـتەقینە باشـتر ئامـادە کرابێـت، ئیـدی دەسـتی قـەدەر بـەبێ خواستی خۆمان بـۆ ئـەو ژوانگەیـەمان دەبـات. یـەکێ لەو ژوانە جوان و ڕێکەوتانە، دیداری نێوان ئـەراگۆن و ئیلـزا بـوو. ئـەراگۆن لەگـەڵ دوو برادەریـدا لـە گرووپـی سوریالیزم پیاسـەی دەکـردو لـەپڕ ووتـی: بۆچـی خۆمـان بـەو قاوەخانەیـەدا نەکـەین و شـتێك بخۆینەوە! ئیلزاش کە ماوەیەکی زۆر بوو لە پاریسدا نیشـتەجێ ببـوو و دوچـاری بـێزاری و خـەمۆکی و نیگـەرانی ببـوو و ئـەوەندەی نـەمابوو بـۆ یـەکجاری بگەڕێتـەوە بـۆ مۆسـکۆ، لـە یـەکێ لـە ئوتێلـەکانی

مونبارناسـدا لـه ژوورەكـەی خـۆی هاتـه دەرێ و بێئـەوەی ئاگـای لێبێـت هـەنگاوەكانی بـەرەو ئـەو قاوەخانـە جـوان و ناودارەیـان ڕاكێشـا. دەیویسـت كـەمێك پشـووی بـای بـاڵی بـدات و هەناسـەیەك هەڵكێشێ و لـەوێدا بـە هێمنـی بـیر لـە چـارەنووس و دواڕۆژی خـۆی بكاتـەوە. وتمـان ئـەم قاوەخانەیـە بـەناوبانگ بـوو چونكـە كاتـێ لەسـەر یـەكێ لـە كورسـییەكانی دادەنیشـێ و سـەیری سـەرمێزەكە دەكەیت، ناوی ژمارەیەك لە گەورە شاعیرانی فەرەنسا دەبینیـت كـە لەسـەر تەختـە هـەڵكۆڵراوە، ڕۆژگـارێك هەر لێرەدا ڤێرلین یان بۆدلێر دانیشتبوون، هەروەها جیرار دونێرڤال و ڤیكتۆر هۆگۆ و ناودارانی دیكەش.

هەر لەوێدا ئەندرێ بریتۆن و لویس ئەراگۆن و پۆل ئیلـوار دادەنیشـتن و قسەوباسـیان گـەرم دەكـرد و لەبارەی مەسەلە هەمەجۆرەكانی ژیان دەدوان. ئـەو قاوەخانەیە تا ئـەمڕۆش مـاوەو دەتوانیـت سـەردانیی بكـەیت و شـوێنی گـەورە شـاعیران و نووسـەرانی فەرەنسا ببینیت. ئـەم چەشـنە چیرۆكی گـەورەترین ئـەوین لـە فەرەنسـای سـەدەی بیسـتەمدا ڕووی دا. بەمجۆرە ئەراگۆن و ئیلزا بوون بە دوو عاشقی هـەرە ناوداری نێوەندی ئەدەبیی جیهانی و ئیـدی لـەوێوەو لەو شوێنەوە چیرۆكی خۆشەویستیی ئەراگۆن و ئیلزا

دەستی پێکرد. ئیلزا کە لویس ئەراگۆن لە قەسیدەیەکدا پێیدەڵێ:

نهێنییەکی گەورەت بۆ دەدرکێنم
زەمەن تۆیت
زەمەن ئافرەتێکە پێویستیی بە کەسێ هەیە
بیلاوێنێ و موغازەلەی بکات
زەمەن وەك قژێکی چروپری شەپۆلامێز بێکۆتاییە.
من نهێنییەکی گەورەت لەلا دەدرکێنم:
من لێت دەترسم
لەو کەسە دەترسم کە ئێواران بەرەو پەنجەرەکان یاوەریت دەکات لە جووڵانەوەو ئاماژەکانت دەترسم
لەو وشانەی ناوترێن
لە زەمەنی خێراو لە زەمەنی سست دەترسم
لەتۆ دەترسم.
من نهێنییەکی گەورەم بۆ ئاشکرا کردیت
دەرگاکان دابخە
بۆ مرۆ ئاسانترە بمرێ وەك لەوەی خۆشەویستی بکات
لەبەرئەوە خۆشەویستم
من بە قورسی ژیان بەسەر دەبەم.
قەسیدەی "ئیلزا"، چاپی گالیمار، ساڵی ١٩٥٩

## سەرچاوە

هاشم صالح: قراءة في الفكر الاوروبي الحديث، كتاب
الرياض، الطبعة الاولى- ١٩٩٤- ص ٥٥-٦١ز

## چۆنێتی گونجاندنی نێوان فەلسەفەو ئیمان

کـــارل یاســــپێرز (١٨٨٣-١٩٦٩) یەکێکـــە لـــە فەیلەسووفە دیارەکانی ئەڵمانیا لـە سـەدەی بیسـتەم. ئەگـەر نـاوی هایدگـەر تـا ئەندازەیـەك بەسـەر نـاوی یاسـپێرزدا زاڵبووبێـت، بـەڵام پسـپۆڕانی مێـژووی فەلسەفە تواناو بایەخی ئـەو دەزانـن. بـە شـێوەیەکی گشـتی دەتوانـین بڵێـین ئـەم فەیلەسـووفە سـەر بـە تەوژمی "ئیمان"ە لە فەلسەفەی بوونگەراییدا، ئەمـە لە کاتێکدا هایدگەری هاوڕێی هەروەکو سارتەر سەر بە تەوژمی ئاتەئیزمـە (ئیلحاد) کـە پێشـتر بـاوەڕدار بـووە و بگـرە لـە سـەرەتای ژیـانیدا تیۆلۆژیسـتیش بـووە. هـەرچۆنێ بێـت ئـەو وتووێـژە بـە پیتـەی لـە سـەرەتای چەرخـە نوێیەکانـەوە فیکـری ئـەوروپی دیـودەرە کـردووە، بریتـی بـووە لـە وتووێـژی پـەیوەندیی نێـوان زانسـت و بـاوەڕ، یـان فەلسـەفەو ئـایین. هـەندێ کـەس هـەوڵدەدەن ئـەو وتووێـژە دەوڵەمەندە لە دوو هەڵبژاردنی پەڕگیر و لاگیر (یان

له دوو ڕێگەدا) قەتیس بکەن: تۆ یان باوەڕدارێکی تەقلیدیت و زانست و فەلسەفە ڕەتدەکەیتەوە، یانیش ئاتەئیستێکیت هەموو ئیمانێك ڕەتدەکەیتەوە. بەلام یاسپێرز ڕێگای سێیەم دەگرێتەبەر، واتە هێڵی ناوەڕاست دەگرێ کە عەقڵ و ئیمان پێکەوە کۆدەکاتەوە.

ئەم فەیلەسووفە گەورەیە، کە دەبوو ڕۆشنبیرانی ئێمە بایەخیان پێبدایە وەك چۆن بایەخ بە سارتەر و هایدگەر دەدەن، پێی وایە مرۆڤی نوێ لە بەرامبەر سێ تەوژمی بنەڕەتیدا دەوەستێ: تەوژمی زانست، تەوژمی فەلسەفە، تەوژمی تیۆلۆژی (یان ئایین). بەلام زانست -وەك یاسپێرز دەڵێ- بە زانینی وەقایعە مادیەکان قەتیسکراوە، یان بەو مەعریفەیەی لەسەر ئەزموون بنیات نراوە، کەچی ئەو پرسیارە بوونگەراییە گەورانەی لە ژیان و مەرگ و پاش مردن و ئەو شتانە دەکۆڵنەوە، زانست بە لایاندا ناچێت. بۆ نموونە زانست پرسیارگەلی لەم چەشنە ناخاتەڕوو: ئێمە کێین؟ لە کوێوە هاتووین؟ چارەنووسمان بەرەو کوێیە؟ زانست وایدەبینێ ئەم تەرزە پرسیارانە پرسیارگەلی میتافیزیکین، واتە غەیبانین و زەمەنیان بەسەرچووە، تەنها فەلسەفەو ئایین پرسیاری لەو جۆرە دەخەنەڕوو. بەلام

گرفتەکە ئەوەیە لێرەدا دوو جۆر تێگەیشتن بۆ ئایین هەیە: تێگەیشتنێکی تەقلیدی کە لە بنەڕەتدا لەسەر خۆبەدەستەوەدان ڕاوەستاوە، تێگەیشتنێکی نوێ کە لەسەر زانست و عەقڵ و دیدگایەکی فەلسەفی ڕادەوەستێت.

ئەم بیریارە گەورەیە لە وتارێکیدا بە ناوی "ئیمان و ڕۆشنگەری" دەڵێ: هەندێ کەس باوەڕیان وایە نەبوونی ئیمان بە پێویست بە ڕۆشنگەرییەوە لەدایکدەبێت. بەلاّم ڕۆشنگەری چییە؟ ڕۆشنگەری پێچەوانەی ئەو دەمارگیرییە نابینایەیە کە باوەڕی بە فیکرگەلێکی دیاریکراو هەیە بێئەوەی بیانخاتە ژێر پشکنینێکی ڕەخنەییەوە. ڕۆشنگەری دژی کاری ئەفسوونگەرایی و نوشتەگەراییە. ڕۆشنگەری دژی بەندکردنی ئازادیی بیرکردنەوەیەو دژایەتیی حوکمی پێشوەخت و ئەو فیکرە کۆن و بەسەرچوانە دەکات کە ئەمڕۆکە دەرکەتووە چەندێك زیانبەخش و هەڵەن. ڕۆشنگەری کۆششێکی بەردەوامان لێدەخوازێت لە پێناوی گەڕان بە شوێن حەقیقەتدا؛ نابێت باوەڕ بە هەموو شتێك بکەین تەنها لە پاش ئەوەی لەژێر ڕۆشنایی پێوەرەکانی عەقڵ و لۆجیکدا لێی وردەبینەوەو لە بێژنگی دەدەین.

مرۆڤ دەخوازێ شتەکان بە ڕوونی ببینێت بۆ ئەوەی بزانێت چۆن هەڵسوکەوت بکات و بە چ جۆرێ کاربکات. بە کورتی: دەیەوێ بە شێوەیەکی سەربەخۆ و بەرپرسیار بیربکاتەوە، واتە بۆ خۆی بیربکاتەوە نەك کەسانی دی لەبری ئەو بیربکەنەوە، بۆیە گەورە فەیلەسووفی ڕۆشنگەری (کانت) وتوویەتی ڕۆشنگەری واتە گواستنەوەی مرۆڤ لە قۆناغی کەموکورتیی عەقڵییەوە بۆ قۆناغی پێگەیشتن. مرۆڤ لە سەدە کۆنەکانی مەسیحییەتی ئەوروپیدا کوێرانە گوێڕایەڵیی قەشەی دەکردو باوەڕی بە هەموو قسەکانی دەکرد و بەبێ هیچ پرسیارو گفتوگۆیەك ملکەچی دەبوو، ئەمەش مانای وایە مرۆڤ لەو سەروبەندەدا وەکو منداڵ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا، واتە وەك کەسێکی بێعەقڵ یان کەم عەقڵ یان کاڵفام. بەڵام لە سەرەتای چەرخی ڕۆشنگەرییەوە -واتە چەرخی عەقڵ و زانست- داوا لە مرۆڤ کراوە خۆی بۆ خۆی بیربکاتەوەو بەرپرسیاریی بیرو کردەوەکانی خۆی هەڵبگرێ.

بەڵام زۆرجار خەڵکی بە هەڵە لە مانای ڕۆشنگەری تێدەگەن چونکە لە ڕاستیدا ئەم وشەیە مانایەکی تەماوی و کەمێك ناڕۆشنی هەیە، لێرەدا

(ڕۆشـنگەریی ڕاسـت) و (ڕۆشـنگەریی هەڵـە) هەیـەو جیاکردنــەوەیان ئاســان نییــە. لەبـــەر ئـــەم هۆیـــە دژایەتیکردنی هەندێ کەس -بـە تایبـەتی قەشـەکان- بۆ ڕۆشنگەری، ئەویش تەماوی و ناڕۆشنە، هەندێجار ئەو کەسانە هێرش دەکەنـە سـەر ڕۆشـنگەری هەڵەو ڕووکـەش یـان سـاختە، لەمەشــدا لەســەر هــەقن، هەندێجاری دیکەش هێرش دەکەنە سەر ڕۆشـنگەریی ڕاستەقینەو لەمەشـدا هەڵەیـەکی گـەورە لەبەرامبـەر زانست و ئیمان -پێکەوە- دەکەن.

هەندێ لە قەشە مەسیحییەکان دەڵێن: "چەرخی ڕۆشــنگەری لــە ئــەوروپادا "بــاوەڕ"ی لــەنێو بـــرد، نەفرەت لە ڕۆشنگەری و لـە سـەرجەمی ڕۆشـنگەران! ڕۆشــنگەری بــووە مایــەی لــەنێوبردنی کەلــەپووری مەسیحی کە هەموو ژیانی ئێمە وەچە لە دوای وەچە لەسەر ئەو کەلـەپوورە چـەقی بەسـتبوو، ڕۆشـنگەری ئیمان و ئەو بیروباوەڕانەی لەبەریەك هەڵوەشـاندەوە کە سەدان ساڵە لە باپیرانەوە بۆمان ماوەتەوە، هەتیو و بێکەســی کردیــن و ئێمــەی گــەیاندە هیچـــی و نێهلیستی (نەبوونگەرایی)، ڕۆشنگەری مافی ئەوە بـە هەموو مرۆڤێك دەدات کـە خـۆی تەسـلیمی ئـارەزووە سـتەمکارەکانی و بۆچوونـە تایبەتیــەکانی بکــات و ئەمــەش دواجــار شـــپرزەیی و گـــەڕەلاوژە دروســـت

دەکات. ڕۆشنگەری دوای ئەوەی ئیمانی لە دڵی مرۆڤ بەتاڵکردەوە کردی بە مرۆڤێکی بێهیواو کڵۆڵ و خەمبار".

ئەم ڕەخنانە بە بۆچوونی یاسپێرز تەنها بەسەر ڕۆشنگەریی هەڵەو ڕووکەشدا پراکتیك دەبێ، واتە بەسەر تێگەیشتنێکی هەڵەی ڕۆشنگەری. کەواتە با خەڵکی دڵنیابن و هێور ببنەوە، تێگەیشتنی هەڵە بۆ ڕۆشنگەری -یان تێگەیشتنێکی بە فیزو لەخۆبایی- باوەڕی وایە هەموو مەعریفەیەك و هەموو ئیرادەیەك و هەموو کارێك دەشێت تەنها پشت بە عەقڵ ببەستێت، ئەمە لە کاتێکدا پێویستە عەقڵ تەنها وەك ئامرازێکی پێویست بەکاربهێنرێ بۆ ڕۆشنکردنەوەی ئەو شتانەی لە شوێنێکی تری بەرزترەوە (واتە لە سەرووی عەقڵەوە) بۆی دێن. پاشان تێگەیشتنی هەڵە بۆ ڕۆشنگەری، ئەو مەعریفە جوزئیەی کە مرۆڤ لە ڕێگەی عەقڵیەوە دەستی دەکەوێت، دەگۆڕێت و دەیکات بە کۆمەڵی بابەتی جێگیرو ستاتیك یان کۆمەڵی حەقیقەتی یەقینی و کۆتایی. ئەمە دەڵێین و دەشزانین ئەو شتانە کاتین و هەموو مێژووی زانست ئەو بۆچوونە دەسەلمێنێت. تیۆرە زانستییەکان بە دوای یەکتردا دێن و هەریەکەیان هەڵەی ئەویدیکە ڕاست

دەکاتەوە. ئەمە سەرباری ئەوەی تێگەیشتنی هەڵەی ڕۆشنگەری مرۆڤ لە خشتە دەبات و وایلێدەکات کە پێی وابێت خۆی بە تەنها هەموو شتێك دەزانێت و خاوەنی مەعریفەیەکەی کامڵ و تەواوە، وەك بڵێی مرۆڤ هەر تەنها خۆی هەموو شتێك بێت و خۆی گشت بێت و سەر بە گروپێك نەبێت کە پێش ئەو دەکەوێت.

مانای بوونەوەری مەزن، واتە خودای پەروەردگار، بە شێوەیەکی خێراو ڕووکەش لەلای ڕۆشنگەران وندەبێت، هەروەها مانای هەیبەتی باڵا یان قودرەتی موتەعالی –ترانسندێنتالی. بە کورتی تێگەیشتنی هەڵەی ڕۆشنگەری پێی وایە ئینسان بۆ خۆی دەتوانێت هەموو شتێك ئەنجام بدات و پێویستیی بە هیچ یارمەتی و ڕێنوێنییەك نییە لە دەرەوەی خۆی. ئینسان هانی زانست و مەعریفە دەدات نەك ئیمان.

ئێستا ئەم پرسیارە دەخەینەڕوو: کەواتە مانای دروستی ڕۆشنگەری چییە؟ لێرەدا یاسپێرز وەڵامێك پێشکەش دەکات کە دەشێت بەمجۆرە کورتی بکەینەوە: ڕۆشنگەریی ڕاست و دروست بریتییە لەو تێگەیشتنەی پێشوەخت هیچ سنوورێك لە دەرەوە بۆ عەقڵ دانانێت، واتە یاسپێرز پێشوەخت بە چەند

گریمانێکی دۆگمایی قەتیسی ناکـات. پێویسـتە عـەقڵ ئـــازاد و ڕەهـــا بێـــت، ســـنوور و کۆتـــی بەســـەردا نەسـەپێنرێت. تێگەیشـتنی ڕاسـتەقینەی ڕۆشـنگەری تەنـها بـە هەڵوەشـاندنەوەی فیکـرە دەمارگیرەکـان و خورافـەو ئەفسانەکان واز نـاهێنێت بـەڵکو خۆیشـی دەخاتە شوێنی گومان و ڕەخنەوە، بەو پێیەی عەقڵی ڕۆشنگەری له هەڵەو کەموکورتی خاڵی نییـە، تەنـها عـەقڵی دۆگمـایی پێـی وایـە کـە هـەر تەنـها خـۆی عـەقڵێکی ڕاسـت و کـامڵ و بێهەڵەیـە. لـە ڕاسـتیدا عەقڵی ڕۆشنگەری بۆ ئەوە کودەتای بەسەر "ڕاست و دروستیی"ی عەقڵی پێشوودا نەکرد تاوەکو عـەقڵێکی دیکـەی ڕاسـت و دروسـتی بێهەڵـە شـوێنی بگرێتـەوە. ئـازادیی گـەڕان و توێژینـەوەو پشـکنین هەمیشـە بـە کراوەیـی دەمێنێتـەوەو دەبـێ ئەمـە بەسـەر خـودی ڕۆشنگەریشدا پراکتیزە بکرێت چونکە ڕۆشـنگەریش نە لە سەرووی ڕەخنەوەیە نە لە سەرووی پشکنین و لێپێچینەوە. تێگەیشتنی ڕاست لە ڕۆشنگەری، عـەقڵ لەگـەڵ بـەها ئەخلاقییـە باڵاکـان تێکـەڵ ناکـات، مومکـین نییـە ئـەو بەهایانـە لـە ڕێگـەی ڕێچکـە فکرییەکانی عەقڵەوە ڕۆشن بکرێنەوە، بەڵام دەشـێت لە عەقڵدا ئەو بنچینەیە یان ئەو ڕێسایە بدۆزێتـەوە کە پشتی پێدەبەستێ، ئەو بەهایانە عەقڵی بەشـەری

جێدەهێڵن و لە سەرووی عەقڵی بەشەرییەوەن، ئەو بەهایانە خواوەندین نەك بەشەری.

ئەگەر بەو چەشنە لە ڕۆشنگەری تێبگەین، ئەوسا تێشدەگەین ڕۆشنگەریی ئیمان لەناونابات -بە مانای جەوهەری و ناوەکی و ئازادی وشەی ئیمان-، بە پێچەوانەوە ڕۆشنگەری دەبێتە مایەی فراوانکردنی ئیمان، هەرچەند زانیاریی مرۆڤ فراوانتر بێت پتر دەتوانێت ئیمان ڕۆشن بکاتەوە، بەمەرجێ ئیمانی ناوەکی و ئیمانی دەرەکی- کە لەسەر سرووتی کڵێسەیی و پەرستن و قاڵبە شەکلی و بە زۆر سەپێنراوەکەی ڕادەوەستێ- تێکەڵ نەکەین.

یاسپێرز جیاوازی لە نێوان تێگەیشتنی ڕاست و تێگەیشتنی هەڵە بۆ ئایین دادەنێت و دەڵێت: لێرەدا فەرقێك هەیە لە نێوان جەوهەری ئایین و ئەو تەئویلاتە دۆگماییەی قەشەکان لە ماوەی چەندین سەدەدا پێشکەشیان کردووە. ئەگەر وا تێبگەین کە جەوهەری ئایین ئازادییە، خوداش تەنها لە میانی ئازادییەوە خۆی بۆ مرۆڤ تەجەلا دەکات، ئەوسا هۆی دوورکەوتنەوەی خەڵکی ئەوروپا لە مەسیحییەت و هۆی سەرکەوتنی بزاوتی ڕۆشنگەری دەزانین.

کاهینەکان یان قەشەکان ئاینیان کرد بە کۆمەڵی کۆت و پێوەند، کردیان بە شتێکی سەپێنراو بەسەر ویژدان و عەقڵەکان، تۆ ناچار کراویت باوەڕ بە هەندێ عەقیدەو سرووت بهێنیت، بە مانایەکی تر ئاینیان کرد بە شتێکی پێچەوانەی خۆی، لە بارەی خوداوە وێنایەکیان خستۆتە ڕوو دژی سروشت و جەوهەری خودایە، جا لەبەرئەوەی ئەم وێناکردنە بۆ ماوەی چەندین سەدە باو بووە، ئیدی بووە بە حەقیقەتێك هیچ پرسیارو گفتوگۆیەك قبوڵ ناکات بە جۆرێك زەحمەتە بتوانین وێنایەکی دیکە لەبارەی ئایین پێشکەش بکەین، وێنایەك نزیکتر بێت لە جەوهەر و بنەما سەرەتاییەکەی. ئەو کەسانەیشی کە هەستی دوژمنکارانەی خۆیان بەرامبەر ڕۆشنگەری نیشاندەدەن، ئەوانەن کە ناتوانن لەو وێناکردنە کۆنە دەربچن کە لە سەلەفەکانەوە بە میرات ماوەتەوە، ئەو کەسانە لەگەڵ ئەو جۆرە وێناکردنەدا ڕاهاتوون، واتە لەسەر نەریتێکی تایبەتی ڕاهاتوون؛ لەسەر کۆیلایەتی، تا ئەو ئەندازەیەی نکوڵی لە چێژی ئازادی دەکەن. ئەوانە هەست بە پێویستییەکی دەروونی دەکەن لە ملکەچکردن و چۆکدادان بۆ ئەو کاهینانەی وەك قسەکەرێکی ڕەسمی بەناوی خوداوە خۆیان پێشکەش

دەکەن. بەڵام ئەگەر لەسەر ئەو بنەمایە لە خودا بڕوانین کە بریتییە لە ڕەهای ئازادی یان ئازادییەکی ڕەها، ئەوسا هیچ ناکۆکی و دژایەتییەك لە نێوان ڕۆشنگەری و ئیماندا نامێنێت، ئیمان تەنانەت لە پاش سەرکەوتنی ڕۆشنگەریش هەر بەردەوام دەبێت.

## سەرچاوە

ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) - ٢٠٠٢/٧/٥

# هیگڵ و ڕۆشنگەری

هیگڵ وەك زۆربەی فەیلەسووفانی سەردەمەکەی، بە قۆناغی ڕۆشنگەریدا تێپەڕیوە. لەو دەمەدا هیچ بیرمەندێکی ڕاستەقینە نەبوو لە ساتێك لە ساتەکانی ژیانیدا ڕووبەڕووی مەسەلەی ئایین نەبووبێتەوە، مەسەلەی پەیوەندی لەگەڵ مەسیحیەت یان بە جۆرێکی تر لەگەڵ وێناکردنی تەقلیدییانەی ئەو مەسەلەیە سەبارەت بە فەلسەفەو فەیلەسووفان کێشەیەکی گەورەی پێکدەهێنا. هەموو ئەو کەسانەی چوونەتە نێو قووڵایی فیکری ئەوروپی و لە پەرەسەندنە مێژووییەکەی ئاگادارن، ئەم مەسەلەیە دەزانن. بەڵام ئەمڕۆ بارودۆخی ئەوروپا گۆڕاوە تا ئەو ئەندازەیەی فەیلەسووفەکانیان هەموو ژیانی خۆیان بۆ گەڕان و بیرکردنەوەو توێژینەوە تەرخان دەکەن بێئەوەی یەك وشە لە بارەی کێشەی ئاینییەوە بڵێن. واتە ئەمڕۆ فەیلەسووفانی ئەوروپا، بە پێچەوانەی فەیلەسووفانی بەر لە سەدەیەك یان

دوو سەدە، خۆیان بەو مەسەلەیەوە سەرقاڵ نەکردووە.

لە واقیعدا فەلسەفە -وەك هیگڵ دەڵێ- ڕەنگدانەوەی سەردەمەکەی خۆیەتی، لێرەوە دەبێ ئەو بیرۆکە باوە لە زەینی خۆماندا بسڕینەوە کە دەڵێ فەیلەسووف بابەتی تەجریدی و گشتی بەرهەمدەهێنێ بە چەشنێك سنووری گشت سەردەمەکان دەبڕێ و پەیوەست نابێت بە سەردەمێك و بە زەمەنێك و بە کۆمەڵگایەکی دیاریکراوەوە. ئەم جۆرە لە فەلسەفەکردن -ئەگەر هەبێت- قەناعەت بە کەس ناهێنێ، ئەو فەیلەسووفەی سەرگەرمی چارەسەرکردنی گیروگرفتە بنچینەییەکانی سەردەمەکەی خۆی نەبێت شایستەی ئەوە نییە ئەو ناوە هەڵبگرێت.

هەرچۆنی بێت، هیگڵ لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا ڕووبەڕووی کێشەی ئایینی بووەوە ئەو کاتەی کتێبی "ژیانی یەسوع"ی لە ساڵی (١٧٩٥)دا نووسی. هیگڵ لەو کتێبەدا -کە نەیوێرا دەمودەست بڵاوی بکاتەوە- وێنەیەکی مێژوویی عەقڵانی لەبارەی دامەزرێنەری مەسیحییەت دەخاتەڕوو. مەسیح لە تێگەیشتنی هیگڵدا پتر مامۆستایەکی ئەخلاقی بوو (لەسەر ڕێگەی کانتیزم) وەك لەوەی کەسایەتییەکی

ئەفسانەیی یان سەروو مێژوویی بێت، یەسوع لە دیدگای هیگڵدا چیتر کەسێك نییە لێرەو لەوێ موعجیزە بخوڵقێنێت وەك کتێبە تەقلیدییەکان ئەو وێنەیەمان پیشاندەدەن، بە کورتی لێرەدا نهێنییەك نییە ژیانی مەسیحی بە ئەفسانە کردبێت، بەڵکو وەك هەر فەیلەسووفێ لە فەیلەسووفانی ڕۆشنگەری -بە شێوەیەکی کامڵتر- ئاگاداری ئازادیی ناوەکی و کەرامەتی ئینسانییە.

هیگڵ لە پاش ئەو کتێبە بە ساڵێك، کتێبێکی گرنگی دیکەی لەبارەی ئایینەوە نووسی بە ناوی "دۆگماتیزمی ئایینی مەسیحی"، هیگڵ لەم کتێبەدا -کە ئەمیش لە ژیانی خۆیدا بڵاونەکرایەوە- لە هەمان ئەو باوەڕە مەسیحییانە دەکۆڵێتەوە کە ڤۆلتێر ڕەخنەی ئاراستە کردووە، بەڵام ئەو پراکتیزەی میتۆدێکی جیاواز لە میتۆدەکەی ڤۆلتێر دەخاتە کار، میتۆدی هیگڵ پتر میتۆدگەراییەکی ناوەکییە وەك لەوەی دەرەکی بێت. ڤۆلتێر لە شوێنگەیەکی دەرەکیی دژەوە ڕەخنە لە ئۆرثودۆکسیی مەسیحی (واتە فەندەمینتالیزمی مەسیحی) دەگرێت، بەڵام هیگڵ کەمجار ئەو میتۆدە بەکاردەهێنێ و بە زۆری لە ناوەوەو بە شێوەیەکی دیالێکتیکی لەگەڵ ئەو باوەڕەدا ڕێدەکات، ئەمە بۆ

ئەوەی ئەو پێداویستییە مێژووییە پیشان بدات کە "باوەڕ- عەقیدە" لە چرکەساتێکی مێژووییدا پێویستبوونی خۆی سەپاندووە، دواتر دەریدەخات چۆن ئەو باوەڕە بۆ شتێکی دیکەی پێچەوانەی خۆی گۆڕراوە، واتە ئەوەی لە ئایینی مەسیحیدا عەقڵانی بووە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی زەمەندا بووە بە شتێکی دۆگمایی، واتە دەگۆڕرێ و دەبێ بە هەندێ دیاردەی سرووتئامێزو پەرستن و دەزگاگەلێك کە لە مانا سەرەتایی و ئەسڵییەکەی بەتاڵ بۆتەوە، بە مانایەکی تر دەبێت بە توێکڵ و قاڵبی وشك و مۆمیاکراو، دەبێ ئایینی ڕاستەقینە خۆی لەو توێکڵە وشکانە ڕزگار بکات بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ مانا زیندووەکەی خۆی، واتە بۆ سەرچاوە ئەسڵییەکەی خۆی. ئایینی مەسیحی بە تێپەڕبوونی سەدەکان و بە هۆی ململانێکانی بەشەرییەتەوە -لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی مێژوودا- بە ئایدیۆلۆژیایەکی دەسەڵاتخوازو چەوسێنەر، ئەمەیە کە هیگڵ بە دۆگماتیزم ناوی دەبات.

دواتر هیگڵ تێگەیشت ئەگەر ئایین لبە دۆگماو پەرستن و سرووتەکانی بەتاڵ بکرێتەوە ئەوا بە هیچ جۆرێ نابێت بە ئایین! لێرەوە هیگڵ لە بەردەم دووڕیانێکدا وەستا: یان بۆ بەرژەوەندیی

عەقلانییــەتی فەلســەفیی ڕادیکــاڵی واز لــە ئـــایینی دۆگمــایی بــهێنێت، یــانیش وا لــە فەلســـەفە بکــات بتوانێت لەگەڵ ئاییندا بژیت و هەڵبکات. بەڵام لــەوە دەچــێ پێکــەوە ژیــانی فەلســەفەو ئــایین شــتێکی دروستکراو و نامەفهوم بێت بە تایبەتی دوای ئــەوەی هیگــڵ دەســتی کــرد بــە ڕەخنــەگرتن لــە بــاوەڕە مەسیحییەکان و هەروەها لە نهێنی و موعجیزەو ئەو دوای شتەکانی تــری مەسـیحییەت. لەبـەر ئـەم هۆیـە هـەندێ کـەس بـەوە تاوانباریــان کــرد کــە زمــانێکی دووفـاقی بـەکاردەهێنێ: واتــە زمـانی فەیلەسـووفان و زمانی تیۆلۆژیستان. ئاخۆ لێرەدا تاکە حەقیقـەتێکی عــەقلانی بــۆ هــەمووان هەیــە؟ یــان لــێرەدا دوو حەقیقــەت هەیــە: یەکــەمیان بــۆ فەیلەســووفان و دەسـتەبژێری ڕۆشـنبیران، دووەمیـان بـۆ ســەرجەمی میللەت؟

لــەم تێڕوانینــەوە وردە وردە ئــایینی مەســیحی بەکارکردی پێویستییەکی مێژوویی جـەبری بـوو بـە شــتێکی دیکــەی پێچەوانــە، واتــە بــوو بــە شــتێکی زەوتکــار و دژ بــە نیــاز و جەوهــەرە ئەســڵییەکەی. لێرەوە لە هۆی هاوپەیمانیی چــەندین سـەدەی نێـوان کڵێسەی مەسیحی لەگەڵ سیستمی فیودالی و ستەمی سیاسـی تێدەگـەین. ئینجیـل بانگەشـەی ئـەوە ناکــات

هاوپەیمانی لەگەڵ دەوڵەمەندان لە دژی هەژاران بکرێت، کەچی کڵێسە بەم هاوپەیمانییە ڕازی بوو و بە فیعلی کاری بۆ کرد و بگرە هەوڵیدا خەڵکی سادە قەناعەت پێبهێنێ بەو دۆخە ڕازی بن، لێرەوە وەزیفەی زەوتکاریی ئایین دەردەکەوێت. بێگومان ئەم تەرزە فیکرانەی هیگڵ لەو سەردەمەدا مەترسیدار بوونەو لەلایەن بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگاوە ئیدانە دەکرا، لەبەر ئەم هۆیە هیگڵ ئەو کتێبەی بڵاونەکردەوەو تەنها لەسەر ڕەفی کتێبخانەکەیدا هەر بە دەستنووسی مایەوە.

هیگڵ دەیزانی ئەو فیکرانە کاتیان نەهاتووەو میللەتی ئەڵمانیش ناتوانێت قبوڵیان بکات چونکە ئەو میللەتە -زۆر بە سادەیی- ئامادە نەکراوە بۆ هەرسکردنی فیکرێکی لەو چەشنە. ئەمەش گەورەترین بەڵگەیە کە گۆڕینی عەقڵیەتەکان پرۆسەیەکی درێژ و ترسناکەو لە شەووڕۆژێکدا بە ئەنجام ناگات. بۆیە ئەو شتەی پتر بێزارم دەکات پەلەکردنی هەندێ لە ڕۆشنبیرانی عەرەبە بۆ گۆڕانکاری یان "سووتاندنی قۆناغەکان"! (ئەم دەستەواژەیە هی محەمەد ئارکۆنەو مەبەست لەوەیە کە هەندێجار ڕۆشنبیران باز بەسەر قۆناغەکاندا دەدەن و پەلە دەکەن لەوەی بگەنە

گۆڕانکارییەکی ڕیشـەیی -و.ك-) مـن دەڵێـم پێویسـتە قۆنـاغ بـە قۆنـــاغ گۆڕانکـاری هەرسـبکرێ و ناشـێت بچینە سەر قۆناغێکی تـر بەرلـەوەی قۆنـاغی یەکـەم بـە تــەواوی هەرســکرابێت و ئەرکــەکانی جێبــەجێ کردبێت.

فیختە، کە بە شـێوەیەك لـە شـێوەکان مامۆسـتای هیگڵ بوو، لانیکەم لە سەرەتادا، بـە هـۆی پێکدادانـی لەگەڵ پیاوانی ئاییندا نرخێکی گرانـی دا، ئـەوە بـوو لە ساڵی (١٧٩٩)دا لە زانکـۆی "یینـا" دەرکـرا کـە ئـەو کاتە یەکێ بوو لە زانکۆ ئەڵمانییە هـەرە پێشـکەوتوو و لیبرالییەکان، فیخنە بە بێبـاوەڕ -مولحیـد تاوانبـار کراو لەبەردەم دەسەڵاتە باڵاکاندا لەسەریان نووسی و تـاوانی جۆراوجۆریـان خسـتەپاڵ. ئـەم هــەموو شــتە بۆچـی؟ هــەر لەبەرئــەوەی گوتەیــەکی عــەقڵانیی لـەبارەی ئــاینی مەســیحی ڕاگــەیاند. بێگومــان ئــەو گوتەیەی فیختە بـۆ ئـەو سـەردەمە پێـش ڕای گشـتی کەوتبوو، بەڵام گوتەیەکی شەرمنانە بوو لـەچاو ئـەو بابەتانەی لە هەمان ساتەوەختدا هیگڵ لە سویسـرادا بە نهێنی دەینووسین. با بزانین فیختە چیی گوتووە: "سیستمی زیندووی ئەخلاقی و کاریگەر بریتییە لـە خودی خودا، ئێمە جگە لـەم بـاوەڕە پێویسـتیمان بـە هیـچ بـاوەڕێکی دیکـە نییـە. لـە عـەقڵدا شـتێك نییـە

وامان لێبكات لەو سیستمە ئەخلاقییە دەربچین كە هەموو گەردوونی بەدەستەوە گرتووە. پێویستیمان بە بوونەوەرێكی تایبەتی نییە لەبری هۆكار بۆ سەرەنجام دابنرێ. پاشان تێگەیشتنێكی دروست ئەم چەشنە دەرەنجامە بەدەست ناهێنێ، تەنها فەلسەفەی هەڵە ئەم كارە دەكات.."..

ئەم قسەیە بە بیدعە (و هەر تەقە) دادەنرێ: واتە دەرچوون لە بازنەی تێگەیشتنێكی باوی مەسیحییەتی ئەو سەردەمە، لەبەرئەوە ڕەتیان كردەوەو لە زانكۆ دەركرا. وێناكردنی فیختە بۆ خودا جیاوازە لەو وێناكردنە مەسیحییە تەقلیدییەی سەدان ساڵە بنجی داكوتاوەو نوێنەری باوەڕی سێكوچكەییە (عقیدة التثلیث)، واتە زیاد لە پێویست بە عەقڵانی كراوە.

بێگومان هیگڵ زۆر لەوە زیاتر دەڕوا. لە ڕاستیدا نووسراوەكانی سەردەمی لاوێتی -كە لە دوای مردنی بڵاوبوونەوە- سەبارەت بە ڕەخنەگرتن لە باوەڕە ئایینی و سیاسیەكان، زۆر ڕادیكاڵانەتر بوون لەو بابەتانەی لە قۆناغی كامڵبوون و پێگەیشتندا نووسیونی، واتە لەم قۆناغەی دواییدا پتر وریاو خاوەن ئەزموون بوو ئەگەر نەڵێین پتر لە سزا دەترسا.

هيگلْ لە سەردەمی لاويدا نامەی ئاگرينی بۆ هەردوو هاوڕێكەی شيلينگ و هۆڵدەرلين دەنووسی و تيايدا بێزاريی خۆی لە بەرامبەر كۆليجی پرۆتستانتی لاهوتی دەردەبڕی، هەروەها لە شێوازی وانەوتنەوەی ئايين. ئومێدێكی گەورەی هەبوو كە فەلسەفەی نویّ لە ئەڵمانيادا سەربكەوێت: واتە فەلسەفەی كانت و فيختە، فەلسەفەی عەقلْ و ڕەخنەو ئازادی، كەچی تيۆلۆژيست و كاهينەكان بێزارييان دەوروژاندو لە ڕاستيدا هيگڵ لە ژيانيدا ئەوانی بە سيفەتی دەستەيەكی جەمعی يان ڕێكخراوێكی كڵێسەيی خۆشنەويستووە. سڵی لە كاردانەوەكانيان دەكردەوەو پێی وابوو ئەوانە بۆ ئازاديی فيكر زۆر مەترسيدارن، ئەوەی پتر هيگڵی بێزار دەكرد هەوڵدانی ئەوان بوو بۆ دەستگرتن بەسەر فەلسەفەی كانتيزم و بەكارهێنانی ئەو فەلسەفەيە لە خزمەتی بيروباوەڕە كۆن و بەسەرچووەكانی خۆيان. جا لەبەرئەوەی فەلسەفەی كانت لە ئەڵمانيادا سەركەوت و بوو بە ئەستێرەيەكی هەڵكشاو، ئيدی هەمووان لێی نزيكبوونەوەو هەوڵيان‌دا لەگەڵ فيكرە تايبەتييەكانی خۆياندا بيگونجێنن. ئەمەش زۆرجار لە هەموو ئەو شتانەدا

ڕوودەدات کـە لــە مێــژوودا ســەرکەوتن بەدەســت دەهێنن.

## سەرچاوە

ئەم بابەتە لە ژمارەی ڕۆژی (٢٠٠٢/٧/٢٦)ی ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) بڵاوکراوەتەوە.